# کاریگەریی جەنگی ئۆکراین لەسەر پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و ڕووسیا: گۆڕانکاری لە دایناميكی جیۆپۆلەتیکیدا

**محمد احمد مجید[1]، صالح عمر عیسی[2]**

[1,2] بەشی پەیوەندی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

جەنگی ئۆکراین بووەتە هۆی ڕێکخستنەوەی بەرچاوی هێز و هاوپەیمانییە جیۆپۆلەتیکییەکان. بەشێك لە دەوڵەتان، بونەتە لایەنێك لە پێکدادان و ململانێکان و پێداچونەوەیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕوسیا و ئۆکراین کردووە. لە ئەنجامدا هاوپەیمانی و پەیوەندییە ستراتیژییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەڵەتی هەبێت. لەو نێوەندەدا، یەکێتیی ئەوروپا وەك ئەکتەرێکی جیۆپۆلەتیکی کاریگەر لە ڕێگەی پاڵپشتیکردن و یارمەتییەکان بۆ ئۆکراین و سەپاندنی سزاکان بەسەر ڕوسیا، بووتەوە بەشێك لە جەنگی ئۆکراین. بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا، جەنگی ئۆکراین بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا هەبووە. ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ کارلێکە ئاڵۆزەکانی نێوان گۆڕاوە سیاسی، ئابوری، ئاسایشی و جیۆپۆلەتیکییەکان دەکات لەسەرەتای ململانێکان تاوەکو هەڵگیرسانی جەنگ. لە ئاستی سیاسیدا، پەیوەندییەکان لە دوای لکاندنی نیمچە دوورگەی کریمیا بە خاکی ڕوسیا (٢٠١٤) و لەشکرکێشی بۆ سەر ئۆکراین (٢٠٢٢)، بەرەو گرژی و ئاڵۆزی ڕۆیشتووە. هەروەها، پەیوەندییە بازرگانییەکان بەهۆی سزاکانەوە ئاستەنگیان بۆ دروستبووە، یەکێتیی ئەوروپا و ڕوسیا ئەگەرچی بە دوو هاوبەشی ستراتیژیی بازرگانی دادەنران، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکانیان بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە و بەدوای بازاڕی جێگرەوەن بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان. لە ئاستی ئاسایشی و جیۆپۆلەتیکیدا، بەهۆی فراوانبونی ناتۆ و ئامادەیی زیاتری لە سنورەکانی ڕوسیا، پەیوەندییەکان لە هاریکارییەوە بۆ ململانێ و کێبڕکێ گۆڕاون. لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدرێت لە ئاست و شێوازی کاریگەرییەکان و گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکان بکوڵدرێتەوە

**وشە سەرەکییەکان :** جەنگی ئۆکراین، ڕوسیا، یەکێتیی ئەوروپا، ناتۆ، ئاسایش

## ١. پێشەکی

سەرهەڵدانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئۆکراین لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٣ زنجیرەیەك ڕوداوی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە: وەگرتنەوەی متمانە لە حکومەتی ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ، لکاندنی نیمچە دورگەی کریمیا بە خاکی ڕوسیا و سەرهەڵدانی بزوتنەوەی جوداخوازی هەرێمی دۆنباس لە لۆهانسك و دونیتسك. سەرەڕای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکانی مینسك بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئۆکراین، بەڵام ڕێکارە دیپلۆماسییەکان کاریگەر نەبون لە ڕێگریی هەڵگیرسانی جەنگ.

ڕوسیا، لە ٢٤ شوباتی ٢٠٢٢ بە ئامانجی پاراستنی ڕوسنەژادەکانی هەرێمی دۆنباس، لەنازیخستن و چەکداماڵینی ڕژێمی کیێڤ، لەشکرکێشی بۆ سەر ئۆکراین دەستپێکرد. جەنگی ئۆکراین گۆڕانێکی پارادایمی دروستکردووە و سەرەڕای کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکار بووە بۆ تێکچوون و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا.

لەگەڵ دەستپێکردنی لەشکرکێشیی ڕوسیا، یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی داوای دەستبەجێ ڕاگرتنی دەستدرێژییەکان و پاشەکشەی سوپای ڕوسیایان کرد. بۆ لاوازکردنی ئابوریی ڕوسیا، یەکێتیی ئەوروپا پاکێجی سزاکانی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٨ ئاب ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٠ ئەیلوول ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: mohammed.majeed1@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ **محمد احمد مجید، صالح عمر عیسی** گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

دژ بە ڕوسیا ڕاگەیاند، هەروەها ئامادەیی پیشاندا بۆ پشتگیری و پاڵپشتیی ئۆکراین لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و پێشکەشکردنی یارمەتییە سەربازی، دارایی و مرۆییەکان. سزاکانی یەکێتیی ئەورووپا بەرپرس و قەوارەکان، کەرتی ئابوری، بازرگانی، پیشەسازی، تەکنەلۆژی و چەندین بواری تری ڕوسیای گرتۆتەوە. لە بەرامبەردا، ڕوسیا سزای بەسەر یەکێتیی ئەورووپا، نوێنەر و دامەزراوەکانی، هەروەها وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەرەوەی یەکێتییەکە سەپاندووە.

سزاکان، هۆکار بون بۆ تێکچونی پەیوەندییە سیاسی، ئابوری و ئاسایشییەکان. ئێستا، بەشێك لە بەرپرسانی باڵا و نوێنەرانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەردولا، بەهۆی سزاکانەوە، ناتوانن گەشت بۆ خاکی یەکتر بکەن، هەروەها سەروەت و سامانی بەشێك لە کاربەدەستانی ڕوسیا که بەرپرسن لە جەنگی ئۆکراین، لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بلۆك کراون. لەپاڵ ئەوە، پەیوەندییە بازرگانییەکانیان دابەزیوە بۆ نزمترین ئاست، ئەوەش زیاتر بۆ ڕێکارەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەگەڕێتەوە؛ لە قەدەغەکردنی هەناردەی کاڵا و بەرهەمە پیشەسازی و تەکنۆلۆژییەکان بۆ ڕوسیا. لە بەرامبەردا، بەهۆی سیاسەتی دژە ڕوسیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پاراستنی سیستەمی دارایی، ڕوسیا، هەناردەکردنی گازی سروشتی و بەشێك لە کاڵاکانی بۆ چەندین وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا ڕاگرتووە. سەبارەت بە پەیوەندییە ئاسایشییەکان، هاریکارییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەتایبەت ناتۆ، لەگەڵ ڕوسیا گۆڕاون بۆ ململانێ و گرژی؛ ناتۆ بەهۆی هەڕەشەی ڕوسیا، ئامادەیی خۆی لە سنوری ڕۆژهەڵاتی هاوپەیمانییەکە بەهێز و فراوان کردووە. بەهۆی یارمەتییە سەربازییە بەردەوامەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ کێێف، پێدەچێت ناکۆکی و گرژییە ئاسایشییەکان بۆ دورمەودا لە نێوان ڕوسیا و یەکێتیی ئەرورووپا بەردەوامیی هەبێت.

خستنەڕوی پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا دوای هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراین، کە ڕووداوەکان بە چی شێوە و ئاستێك کاریگەر بون لەسەر پەیوەندییە سیاسی، ئابوری و ئاسایشییەکانیان، ئامانجی توێژینەوەیە. لەو چوارچێوەیەدا، ئاماژە بە ڕێکارەکانی یەکێتیی ئەورووپا دەکرێت بۆ سزادانی ڕوسیا و بە ئامانج گرتنی کەرتی ئابوریی ئەو وڵاتە، کە لە یازدە پاکێجدا خراونەتەڕو. هەروەها، ئاماژە بە پاڵپشتییەکان بۆ ئۆکراین دەکرێت کە خۆیان لە دروستکردنی دامەزراوەی یارمەتیی سەربازی، هەناردەکردنی چەك، یارمەتیی دارایی و مرۆیی، دەبیننەوە. لە بەرمبەردا، باس لە ڕێکارەکانی ڕوسیا بۆ ڕووبەڕوبونەوەی فشاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی و گرتنەبەری ڕێکاری هاوشێوە، دەکرێت. لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیە دەمانەوێت کاریگەری و لێکەوتەکانی جەنگ لەسەر ژینگەی پەیوەندییە سیاسی، ئابوری، ئاسایشییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا بخەینەڕو، کە بە چی شێوە و لە چی ئاستێکدا خۆی بینیوەتەوە.

**پرسی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە، چەند پرسیارێك لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش: کاریگەرییەکانی جەنگی ئۆکراین لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا چین؟ ئەو ڕێکارانە کامانەن کە گیراونەتەبەر بۆ سزادان و سنوردارکردنی توانا ئابورییەکان؟ ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا بەرامبەر بە یەکتر ڕوویداوە؟

گریمانەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە جەنگی ئۆکراین کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا و زیادبونی گرژییە جیۆپۆلەتیکییەکان هەبوە. جەنگی ئۆکراین، هۆکار بووە بۆ گۆڕان لە سروشتی ئاسایشی یەکێتیی ئەورووپا و دەرکەوتنی وەك ئەکتەرێکی جیۆپۆلەتیکیی چالاك؛ لە بەرامبەردا، ڕوسیای لە ئەورووپا دورخستۆتەوە و لەگەڵ وڵاتانی بەهێزی ئاسیادا پەرەی بە پەیوەندییەکانی داوە. ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان، بەهێزبون و فراوانبونی ناتۆ لەسەر سنورەکانی ڕۆژئاوای ڕوسیا، کۆمەڵێك لێکەوتەی نەرێنیی بەدوای خۆیدا هێناوە و پەیوەندییە سیاسی، ئابوری و ئاسایشییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپای، ئەگەرچی وەك دو هاوبەشی ستراتیژی لە قەڵەم دەدران، بۆ نزمترین ئاست دابەزاندووە.

**مێتۆدی توێژینەوەکە:**

بۆ خستەڕوی کاریگەرییەکانی جەنگی ئۆکراین لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا، میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative) بەکارهاتووە. هەروەها، بۆ شرۆڤەکردنی زانیارییەکان پیشت بە ڕێبازی وەسفی_شیکاری دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پەنابراوەتەبەر سەرچاوەی کتێب و ئەلیکترۆنی_ئینتەرنێت.

## توێژینەوەکانی پێشو

لە چوارچێوەی خوێندنەوەی سەرچاوە زانستییەکان، چەند توێژینەوەیەك دەخرێنەڕو کە پەیوەندییان بە بابەتی توێژینەوەی ئێمەوە هەیە و وەك (**توێژینەوەکانی پێشوو**) پێیاندا چوینەتەوە، ئەوانیش:

١. توێژەر Shahi (٢٠٢٢)، شیکارییەکی جیۆپۆلەتیکی بۆ جەنگی ئۆکراین لە ڕێگەی هۆکارەکانی هەڵگیرسانی و دەرئەنجامەکانی دەکات. توێژەر ئاماژە بەوە دەکات، جەنگی ئۆکراین نوێنەرایەتیی ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکیی مەترسیدار دەکات لە نێوان ڕوسیا و ناتۆ، کە بە کۆتاییهاتنی جەنگی ئۆکراین هێشتا دەتوانێت بەردەوامیی هەبێت؛ کاریگەرییەکانی ئەم جەنگەش بە سەرکەوتن یان دۆڕانی ڕوسیاوە پەیوەستە. توێژەر، بەهۆی فراوانخوازیی ناتۆ و ویستی گێڕانەوەی هەژمونی ڕوسیا بۆ ناوچەی ئۆراسیا، باس لە مەترسییەکانی پەرەسەندنی جەنگی ئۆکراین و گەڕانەوەی جارێکیتری جەنگی سارد دەکات.

٢. توێژەر Qaisrani و هاوکارەکانی (٢٠٢٣)، لە ڕوانگەی تیۆریی نیۆڕیالیزم، خوێندنەوە بۆ جەنگی ئۆکراین، ململانێیی جیۆپۆلەتیکیی نێوان ڕوسیا و یەکێتیی ئەورووپا و لێکەوتە ئابورییەکانی دەکات. توێژەران گریمانەی ئەوە دەکەن، کە جەنگی ئۆکراین، تەنیا لە بەریەککەوتنی چەکداریی نێوان دوو وڵاتی دراوسێ لەسەر کۆمەڵێك پرسی کۆن، کورت ناکرێتەوە؛ بەڵکو هەوڵەکانی ئۆکراین بۆ ئەندامبون لە یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ، کە وەك ڕکابەری جیۆپۆلەتیکیی ڕوسیا لە قەڵەم دەدرێن، هۆکاری سەرەکیی دروستبونی جەنگی ئۆکراینە،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp240-257

ئەوەش بووەتە هۆی تێوەگلانی هەر یەك لە یەکێتیی ئەوروپا و ناتۆ لە جەنگەکە. بۆیە دەکرێت، جەنگی ئۆکراین وەك ململانێیی جیۆپۆلەتیکی بناسێندرێت، کە لایەنەکان لەسەر بنەمای سیاسەتی ئاسایشییان، هەوڵی فروانکردن یان پاراستنی کایەی هەژمونی خۆیان دەدەن.

٣. توێژەران Megits & Darmayadi (٢٠٢٣)، خوێندنەوە بۆ کاریگەرییەکانی جەنگی ئۆکراین لەسەر ئابوریی یەکێتیی ئەوروپا دەکات. توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن، ڕێکارەکانی سزادان و سنوردارکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکان، زیانی بەرچاوی بە ئابوریی یەکێتیی ئەوروپا گەیاندووە. لەپاڵ بەرزبوونەوەی نرخی بەروبومە کشتوکاڵییەکان، زیادبوونی نرخی وزە، بەهۆی سنورداریی هاوردەکردنەکان و ڕاگرتنی هەناردەکردن لەلایەن ڕوسیا بۆ هەندێك دەوڵەتی ئەوروپی، دابەزینی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی و بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵاوسانی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەوەش یەکێتییەکەی ڕوبەڕوی قەیرانی ئابوری کردۆتەوە.

٤. توێژەر Lartey (٢٠٢٣)، باس لە هەڵگیرسانی خۆپیشاندانەکانی کۆتاییی ساڵی ٢٠١٣ و گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئۆکراین دەکات، کە بونە هۆکارێك بۆ دەستێوەردانی ڕوسیا و جیاکردنەوەی کریمیا لە ئۆکراین. توێژەر، هۆکاری دانپێدانەنان بە ئۆکراین وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری لەلایەن ڕوسیا و دەستێوەردان و بەکارهێنانی ئۆکراین لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی، بە زەمینەی هەڵگیرسانی جەنگ لە قەڵەم دەدات. لەو ڕێگەیەوە، کاریگەرییەکانی جەنگی ئۆکراین لەسەر ئاشتی، ئاسایش و قەیرانی ئابوریی جیهانی ڕوندەکرێتەوە، کە دەکرێت بەردەوامیی ململانێکان زەمینە بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەك لایەنێك لە جەنگەکە بڕەخسێنێت و جیهان بەرەو هەڵگیرسانی جەنگی سێیەمی جیهانی ببات.

هەریەك لەو توێژینەوانە، بە بەکارهێنانی تیۆرییەکی دیاریکراو، لایەنێك لە ململانێ، قەیران، جەنگی ئۆکراین و کاریگەرییەکانی دەخەنەڕو. ئەوەی توێژینەوەی ئێمە جیا دەکاتەوە لە توێژینەوەکانی پێشو، خوێندنەوەیەکی جیۆپۆلەتیکییە بۆ ڕکابەری و ڕوبەڕوبونەوەی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا لە جەنگی ئۆکراین وەك دو لایەن کە پرۆژە و بەرژەوەندیی ناکۆك و دژبەیەکیان هەیە. ئێمە هەوڵماندداوە، بە گەڕانەوە بۆ تیۆریی نیۆئۆڕاسیانیزم و تێزەکانی ئەلیکساندر دوگین، سروشت، تایبەتمەندی و ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا لە جەنگی ئۆکراین بخەینەڕو، هەروەها کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا شرۆڤە بکەین.

## ٢. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

دەبارەی لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراین، چەندین توێژینەوە نووسراون، کە هەریەك لەوان، لە ڕوانگەی تیۆرییەکی دیاریکراو خوێندنەوەیان بۆ ئەم پرسە کردووە؛ ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی کاریگەرییەکانی جەنگی ئۆکراین لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا، گەڕاوینەتەوە بۆ تیۆری نیۆئۆراسیانیزم (Neo-Eurasianism) و تێزەکانی ئەلیکساندر دوگین. نیۆئۆراسیانیزم، بە تیۆرییەکی جیۆپۆلەتیکیی هاوچەرخی ڕوسیا دادەنرێت، کە کاریگەرە لەسەر سروشت و ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. ئۆراسیا، وەك ناوچەیەکی جیۆگرافیی زیندو، چەقی گرنگیدانی ئۆراسیاخوازەکانە. تیۆریستەکانی سەر بەم ڕەوتە پێیانوایە، دەبێت ڕوسیا کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ئەو ناوچەیەدا هەبێت، کە بەبێ باڵادەستی و سەپاندنی هەژمون تێیدا، ناتوانێت ببێتەوە بە دەوڵەتێکی مەزن؛ لەبەرئەوە، جەخت لە بونیادنانەوە و زیندوکردنەوەی پێگەی بەهێزی ڕوسیا و بەشداریی کاریگەری لە دۆز و پرسە سیاسییە جیهانییەکان دەکەنەوە. ئەلیکساندر دۆگین ئاماژە بەوە دەکات، ناوچەی ئۆراسیا، میراتی دێرینەی ڕوسیایە و بە درێژایی مێژو، دەسەڵات و هەژمونی بەسەردا هەبوە؛ ئەو، پێداگری لە باڵادەستی و پاراستنی هەژمونی ڕوسیا لەو ناوچەیە دەکاتەوە، لە پاڵ ئەوەشدا، دەوڵەت پابەند دەکات بە پاراستنی ڕوسنەژادەکانی دەرەوەی ڕوسیا لە هەر دەستدرێژییەك کە بۆ سەر بون و مافە نەتەوەییەکانیان دەکرێت.

دیارترین ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی نیۆئۆراسیانیزم خۆیان دەبینییەوە لە ڕوبەڕوبونەوەی سیستەمی تاکجەمسەری، هاوسەنگی لە پەیوەندییە دەرەکییەکان، بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی، باڵادەستی و هەژمون بەسەر وڵاتانی جیابووەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، هەستانەوەی ڕوسیا وەك ڕکابەرێکی هاوتا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕوبەڕوبونەوەی دیاردەی جیهانگیری و مۆدێرنێتەی سیاسی. لەو پێودانگەوە، دەکرێت لە چوارچێوەی ململانێیی جیۆپۆلەتیکیدا، خوێندنەوە بۆ جەنگی ئۆکراین و کاریگەرییەکانی لەسەر پرسی ئاسایشی ئۆراسیا و کیشوەری ئەوروپا بکرێت، کە لە ڕەهەندێکیدا، بەریەککەوتنی پرۆژەی هەرێمی و بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا، هۆکار بون بۆ هەڵگیرسانی جەنگ و زەمینەیەك بون بۆ توندبونەوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان.

## ٢-١ پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و ئۆکراین: لە هاوبەشی ڕۆژهەڵاتی بۆ قەیرانی ئەوروپی

ئۆکراین، بە گرنگترین دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتیی ئەوروپا دادەنرێت بۆ یەکێتیی ئەوروپا. ئەو وڵاتە بەهۆی پێگەی جیۆپۆلەتیکی و هەڵکەوتەی لەسەر دەریای ڕەش، هەروەها دەوڵەمەندیی خاکەکەی لە ڕوی کشتوکاڵی و هێڵی گواستنەوەی وزە لە ڕوسیا بۆ وڵاتانی ئەوروپی، گرنگییەکی تایبەتی هەیە (صدیق و شرقی، ١٣٩٥، ١٣٥).

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، یەکێتیی ئەوروپا هەوڵیداوە پەیوەندیی بونیادی لەگەڵ ئۆکراین ببەستێت. یەکێتییەکە بەراورد بە دەوڵەت و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی تر گەورەترین هاریکاری داراییی ئۆکراین بووە. لە دەیەی نەوەدەکاندا هەردو ڕێککەوتننامەی هاوبەشی و هاریکاری لە ساڵی ١٩٩٦ (partnership and cooperation agreements - PCA) و ستراتیژی هاوبەشی ئەنجومەنی ئەوروپا سەبارەت بە ئۆکراینا لە ساڵی ١٩٩٩ (European Council Common Strategy On Ukraine) بە دو

بەڵگەنامەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەردو لایەن هەژمار دەکرێت. یەکێتییەکە لە چوارچێوەی بە دیموکراتیزەکردن و ئابوریی بازاڕی ئۆکراین یارمەتیی دارایی پێشکەشکردووە، لە هەمانکاتدا هەوڵیداوە لە بوارەکانی وەك بازرگانی، زانستی، تەکنۆلۆژی و وزە پەیوەندییە دولایەنییەکان بەرەوپێش ببات (کیانی، ١٣٨٦، ٩٤-٩٥).

دوای سەرهەڵدانی ناسەقامگیرییەکان و لە ساڵی ٢٠١٤ یەکێتیی ئەوروپا و ئۆکراین واژۆیان لەسەر ڕێککەوتنی هاوبەشی (The Association Agreement) کرد. ئەم ڕێککەوتنە کۆمەڵێك بابەت لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش گفتوگۆ و چاکسازیی سیاسی، هاوکاریی سیاسی و ئاسایشی، ڕێزگرتن لە بەهاکانی یەکێتیی ئەوروپا، چاکسازی لە کەرتی ئابوری و دژایەتیی گەندەڵی، هاریکاری لە کەرتەکانی ژینگە، گواستنەوە و کشتوکاڵ، پەرەپێدان بە پەیوەندیی بازرگانیی ئازاد و گشتگیر و پرسی باجی کاڵاکان، هەروەها ئاسانکاریی هاتوچۆی هاووڵاتیانی ئۆکراین بەبێ ڤیزا و چەند بوارێکیتر (The European External Action Service 1, 2014, 2-4).

بەشێوەیەکی گشتی، هاوبەشیی ستراتیژیی یەکێتیی ئەوروپا و ئۆکراین لەسەر چەند بنەمایەك دارێژراون، ئەوانیش(Petrović, 2022, 76-77 ):

١. ڕێککەوتنی هاوبەشی (The Association Agreement) بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی برۆکسل و کێێڤ.
٢. ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازاد و چاکسازی لە سیستەمی ئابوری بۆ یەکگرتن لەگەڵ بازاڕی ئەوروپی.
٣. بەشداریکردن لە دەستپێشخەریی هاوبەشی ڕۆژهەڵات لە پێناو دەستەبەرکردنی کاریگەری ستراتیژی یەکێتیی ئەوروپا لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.
٤. پاڵپشتی و پێشگیریی یەکێتیی ئەوروپا لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکراین، لە کاتێکدا بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە لەلایەن ڕوسیا کۆنترۆڵکراوە.
٥. هاریکاری لە چوارچێوەی دەستدرێژییەکانی ڕوسیا لە ئۆکراین بە ڕێگەی سزادانی مۆسکۆ و یارمەتییە دارایی و مرۆییەکان بۆ کێێڤ.

هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراین هۆکاری یەکێتیی ئەوروپا بو بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕوسیا. هەر دوای لەشکرکێشیی ڕوسیا، یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام سەرکۆنەیان کرد و پاکێجی سزاکانیان ڕاگەیاند. هەڵوێستی یەکێتییەکە لە سەرەتاوە ڕون بو، ئەویش کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ڕوسیا و پاڵپشتی و یارمەتیدانی ئۆکراین بو بۆ خۆڕاگری و زاڵبون بەسەر ئەو بارودۆخە، کە ڕوبەڕوی بووەتەوە. لەو چوارچێوەیەدا، لەپاڵ سەپاندنی سزا بەسەر ڕوسیا، بە شێوەیەکی فراوان پاڵپشتی سیاسی، سەربازی، دارایی و مرۆییەکانی بۆ ئۆکراین پێشکەش کرد. یەکێتیی ئەوروپا ئامادەیی بۆ هاریکاریی ئۆکراین لە ڕێکخراو و گروپە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ و G7 ڕاگەیاند (Council of the European Union 1, 2023).

دورۆژ دوای دەستپێکردنی جەنگ، هەریەك لە باڵیۆزی فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکۆنەی هێرشی ڕوسیا و ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕیان کرد. باڵیۆزی فەرەنسا نیکۆلاس دی ڕیڤێر (Nicolas de Rivière) ئاماژەی بەوە کرد، کە ڕوسیا بە ڕێگەی کوشتنی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی ژێرخانی ئۆکراین، هەوڵی بونیادنانی ئیمپراتۆری خۆی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامادەیی پشتگیریی فەرەنسای بۆ ئۆکراین لە نێو دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕی (United Nations Security Council, 2022). دوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢ی ئازاری ٢٠٢٢ بە زۆرینەی دەنگی ١٤١ دەنگ لە کۆی ١٩٣ وڵات بڕیاریدا بە کشانەوەی بێمەرجی سوپای ڕوسیا و ڕێزگرتن لە سنورە نێودەوڵەتییە دانپێدانراوەکان، کە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا پاڵپشتیکاری بڕیارەکە بون (United Nations General Assembly, 2022).

یەکێتیی ئەوروپا تا کاتی لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراین خۆی لە بەرکەوتنی توند لەگەڵ مۆسکۆ پاراستبو، لە بەرامبەردا هەوڵی چارەسەرکردنی ململانێکانی دەدا بەشێوەی دیپلۆماسی، بەڵام دەستدرێژییە داگیرکارییەکانی ڕوسیا پاڵنەر بون بۆ دەرکەوتنی وەك ئەکتەرێکی جیۆپۆلەتیکیی چالاك. وەك ڕونە، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتییەکە، بۆ بەهێزکردنی هێزی ڕەق (Hard Power) و بەشداریکردن لە ڕێی پێشکەشکردنی یارمەتییە سەربازییەکان شێوەی خۆیان وەرگرتووە (Raik et al., 2023, 35).

## ٢-٢ ڕژێمی سزاکانی یەکێتی ئەوروپا دژ بە ڕوسیا و بەهێزکردنی بەرگریی ئۆکراین

دوای لەشکرکێشی بۆ سەر ئۆکراین لە ٢٤ شوباتی ٢٠٢٢، یەکێتیی ئەوروپا بە ئامانجی لاوازکردنی توانای ئابوریی ڕوسیا پاکێجی سزاکانی ڕاگەیاند، لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێشخەربو لە دروستکردنی چەند دامەزراوەیەکی هاریکاریی سەربازی بۆ بەهێزکردنی بەرگریی ئۆکراین لە ڕوبەڕوبونەوەی هێرشی سوپای ڕوسیا. لەم باسەدا ئاماژە بە ڕژێمی سزاکان، دامەزراوەکانی هاریکاریی سەربازی و یارمەتییە داراییەکانی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئۆکراین، دەکرێت.

### ٢-٢-١ سنوردارکردن و ڕێوشوێنەکانی یەکێتیی ئەوروپا بۆ سزادانی ڕوسیا:

یەکێتیی ئەوروپا چەندین پاکێجی سزای بەسەر ڕوسیادا سەپاندووە، ئەویش بۆ سنوردارکردنی توانای کرێملین لە دابینکردنی داراییەکان بۆ بەردەوامیدان بە جەنگ و لاوازکردنی ئابورییەکەی. لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو کەس، لایەن و کەرەستانە دەکرێت کە لە لیستی سزاکاندا هاتون.

یەکێتیی ئەوروپا، لە دوای لکاندنی نیمچە دورگەی کریمیا چەندین سزای بەسەر ڕوسیادا سەپاند، بەڵام لە دوای ڕوداوەکانی ساڵی ٢٠٢٢، ڕێکارەکان توندتر کران. ڕۆژێك دوای وتارەکەی پوتین بۆ دانپێدانان بە هەردو کۆماری گەلی لۆهانسك و دۆنیتسك، لە ٢٣ شوباتی ٢٠٢٣ یەکێتیی ئەوروپا پاکێجی سزای نوێی بەسەر ڕوسیادا سەپاند. جۆزیپ بۆرێل (Josep Borrell) نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەوروپا بۆ کاروباری دەرەوە و ئاسایش ڕایگەیاند، سزا بەسەر ٣١٥ ئەندامی دومای دەوڵەت سەپێنراوە کە دەنگیان بۆ بانگەوازی پوتین دا بە دانانی بە سەربەخۆیی کۆماری لۆهانسك و دۆنیتسك. هەروەها ٢٧ کەس و لایەن لە نێو حکومەت یان دامەزراوە بانکی و بازرگانییەکان خرانە ژێر پێوەری سنوردارکردن. هەروەها، بە ئامانجی سنوردارکردنی سیاسەتی شەڕانگێزانەی ڕوسیا، دەستڕاگەیشتنی بە سەرمایە و کاڵای وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکە، سنوردارکرا (Council of the European Union 2, 2022).

دواتر، لە ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٢، یەکێتیی ئەوروپا سزای بەسەر ڤلادیمیر پوتین و سێرگی لاڤرۆڤ سەپاند. لەگەڵ ئەوەندا، سزاکان ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی فیدراسۆنی ڕوسیا و ئەندامانی تری دۆمای گرتەوە. لەم پاکێجەدا، کۆمپانیاکانی سەر بە حکومەت و ٧٠٪ بازاڕی بانکی ڕوسیا کرانە ئامانج. هەروەها، فرۆشتن و دابینکردنی تەکنۆلۆژیی تایبەت بۆ پاڵاوتنی نەوت، پیشەسازی فڕۆکەوانی و بۆشاییی ئاسمان، قەدەغە کران (Council of the European Union 3, 2022). پاشان پاکێجەکانی تر بۆ سنوردارکردنی توانا ئابورییەکان و لاوازکردنی کەرتی سەربازیی ڕوسیا ڕاگەیەندرا. پاکێجی سێیەم، کەرتی دارایی و فڕۆکەوانیی کردە ئامانج. بەپێی ڕێکارەکان، نیشتنەوە و هەڵفڕینی هەر فڕۆکەیەکی ڕوسیا لە نێو یان بەسەر خاکی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا قەدەغە کران. هەروەها، هەر جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ بانکی ناوەندیی ڕوسیا قەدەغە کرا (Council of the European Union 4, 2022).

پاکێجی چوارەم، هەناردەکردنی کاڵای گەشتیاریی دەریایی و تەکنۆلۆژیی گەیاندنی ڕادیۆیی (Radio Communication Technology) قەدەغە کرد (Council of the European Union 5, 2022). پاکێجی پێنجەم، هاوردەکردنی خەڵوز و سوتەمەنیی بەردینی ڕەق (Solid Fossil Fuels)، کە لە ڕوسیا سەرچاوەیان گرتبێت یان لەوێوە هەناردە بکرێت بۆ نێو بازاڕی یەکێتیی ئەوروپا، قەدەغە کرد. هەروەها چوار بانکی سەرەکی سزادران کە ٢٣٪ پشکی بازاڕ لە کەرتی بانکیی ڕوسیا پێکدەهێنن و بە تەواوی لە بازاڕەکانی یەکێتیی ئەوروپا دابڕێنران (Council of the European Union 6, 2022).

لە پاکێجی شەشەم، بۆ یەکەمجار هاوردەکردنی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی ڕوسیا بۆ بازاڕی وزەی یەکێتیی ئەوروپا قەدەغە کرا. هەروەها چەند بانکێکی تری ڕوسیا لە سویفت دابڕێنران، لەوانە سبێربانك (Sberbank). سەرەڕای قەدەغەکردنی هەناردەی ٨٠ ماددەی کیمیایی کە لە بەرهەمهێنانی چەك بەکاردەهێنرێن، ئەو لایەنانەشی خستە ژێر سزاوە کە لە کردە دڕندانەییەکانی شاری بوچا و ماریوپۆل بەشداربون(ouncil of the European Union 7, 2022). لە پاکێجی حەوتەمدا، بڕیاریدا بە قەدەغەکردنی کڕین، هاوردەکردن، یان گواستنەوەی زێڕ لەلایەن ڕوسیاوە، چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (Council of the European Union 8, 2022).

دوای لکاندنی چوار هەرێمی ئۆکراین بە خاکی ڕوسیا، پاکێجی هەشتەم ڕاگەیەندرا و ئەو کەسانەی کردە ئامانج کە ڕۆڵیان لە ڕیفراندۆمی هەرێمە جیاکراوەکانی ئۆکراین هەبو. بۆ دەربازنەبون لە سزا داراییەکان، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە تایبەتن بە دراوی ئەلیکترۆنی، هەڵپەسێردران (Council of the European Union 9, 2022). بەهۆی بۆردومانکردنی ژێرخانی مەدەنیی ئۆکراین، پاکێجی نۆیەمی سزاکان بڕیاری لەسەردرا و هەمو ئەو ئامێر و تەکنۆلۆژیانەی کە دەکرێت لە کەرتی سوپا بەکاربهێنرێت سنوردارکران، هەروەها سەروەت و سامانی دو بانکی تر بلۆك کران (Council of the European Union 10, 2022).

ڕۆژێك دوای ساڵرۆژی لەشکرکێشییەکە و لە ٢٥ شوباتی ٢٠٢٣، لە پاکێجی دەیەمدا، سزاکان بۆ سەر کەس و قەوارەکان فراوانتر کران. هەروەها، ئەو لایەنانەی کە بەرپرسیارن لە بردنی منداڵانی ئۆکراینی بۆ ڕوسیا خرانە لیستی سزاکانەوە. سەرەڕای ئەوە، بەشێکی تری دامەزراوە بانکییەکانی وەك ئەلفابانك، ڕوسبانك، تنکۆف بانك و چەند دامەزراوەیەکی تری دارایی، کەوتنە لیستی سزاکانەوە (Council of the European Union 11, 2023). کۆتا پاکێجیش لە لە ٢٣ حوزەیرانی ٢٠٢٣ ڕاگەیەندرا. سەرەڕای ئەوەی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری و هەردو بانکی ئێم ئاڕ بی (MRB) و بانکی سی ئێم ئاڕ (CMR) خرانە نێو لیستی سزاکانەوە، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر بەهێزکردنی ڕێکارەکان کرایەوە بۆ ڕێگری لە دەربازبونی ڕوسیا لە سزاکان، لە ڕێگەی هاوردەکانی لە وڵاتانی سێیەم (Council of the European Union 12, 2023).

سەرەڕای ئەو کەس و قەوارانەی کە ئاماژەیان پێکرا، یەکێتیی ئەوروپا ڕێوشوێنی سنوردارکەری بەسەر چەند لایەنێکیتری گرنگ سەپاندووە، لەوانە گروپی ڤاگنەر (Wagner Group) (Council of the European Union 13, 2021) و سەرۆکی گروپەکە یێڤگینی پریگۆژین (Yevgeniy Viktorovich Prigozhin) بەهۆی پاڵپشتیکردنی هێزە جوداخوازەکانی دۆنباس و ژینگەی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین (Council of the European Union 14, 2022). هەروەها، سەرۆکی پێشوی ئۆکراین ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ و کوڕەکەی (ئۆلیکساندەر یانۆکۆڤیچ) سزادران بەهۆی ڕۆڵیان لە تێکدان و ناسەقامگیریی ئۆکراین (Council of the European Union 15, 2022).

هەریەك لە ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی هاوپەیمانیان، سزای بلۆککردنیان بەسەر بانکی ناوەندیی ڕوسیا (CBR) سەپاندووە، کە ڕێگر دەبێت لەبەردەم دەستڕاگەیشتنی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا بە یەدەگی دراوی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp240-257

بیانی. لەلایەکیتر چەندین بانکی دیاری ڕوسیا لە نێو کۆمەڵەی پەیوەندییە داراییە جیهانییەکانی نێوان بانکەکان-سویفت دەرکراون (Guénette, Kenworthy & Wheeler, 2022, 6).

وەك ئاماژەی پێکرا، سزاکان بە ئامانجی لاوازکردنی توانای ڕوسیا لە بەردەوامیدان بە جەنگ و پاشەکشەی لە ئۆکراین، کەرتی ئابوری و سەربازیی ڕوسیایان کردۆتە ئامانج. ئەگەرچی سزاکان شۆکێکی گەورە بون بۆ کەرتی ئابوری و دارایی ڕوسیا، بەڵام نەیانتوانیوە ئامانجەکان بەدەستبهێنن، کە کۆتاییهێنانە بە جەنگ.

### ٢-٢-٢ پێکهێنانی دامەزراوە و دەستەکانی هاریکاریی سەربازی بۆ ئۆکراین

یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەستپێشخەربون لە دروستکردنی چەندین ناوەند بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییەکان بە ئۆکراین. لە ڕێککەوتی ٢٦ نیسانی ٢٠٢٢، ئەمریکا گروپی پەیوەندیی بەرگریی ئۆکراینی (Ukraine Defense Contact Group) لە بنکەی سەربازیی ڕامشتاین (Ramstein Air Base) پێکهێنا. لە کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی گروپەکەدا ٤٠ دەوڵەت، کە ڕۆڵیان لە یارمەتیدانی ئۆکراین هەبوە، بەشدار بون (Ismay, 2022). گروپەکە مانگانە کۆدەبێتەوە بۆ گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئۆکراین و دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە لە ڕوبەڕوبونەوەی هێرشەکانی ڕوسیا (Mills, 2023). لە کۆبونەوەی دوازدەیەمدا، کە لە ڕێککەوتی ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٣ ئەنجامدرا، ٥٠ دەوڵەت بەشدار بون، هەروەها گفتوگۆ کرا لەسەر ڕاهێنان بە فڕۆکەوانانی ئۆکراین بۆ بەکارهێنانی فڕۆکە جەنگییەکانی نەوەی چوارەم (Fourth Generation)، لەوانە ئێف ١٦ بۆ پاراستنی ئاسمانی ئۆکراین و سنورداركردنی باڵادەستیی ڕوسیا تێیدا (Garamone, 2023).

لەلایەکی تر، ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپا لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ بڕیاریدا بە دامەزراندنی دەستەی ئەرکی یارمەتیی سەربازیی یەکێتیی ئەوروپا بۆ پشتیوانی لە ئۆکراین (European Union Military Assistance Mission in support of Ukraine - EUMAM Ukraine) بۆ ماوەی دو ساڵ. ئامانجی ئەم دەستەیە بەهێزکردنی توانای سوپا و پاراستنی دانیشتوانی مەدەنیی ئۆکراین بو. هەروەها، ڕاهێنان بە هێزە چەکدارەکانی ئۆکراین لە نێو خاکی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا و ئامادەکردنیان بۆ شەڕ دژ بە سوپای ڕوسیا لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم دەستەیەیە (Council of the European Union 16, 2022).

پاشان، لە ١٢ تەمموزی ٢٠٢٣ لە کۆبونەوەی لوتکەی ناتۆ لە شاری ڤیلینۆسی لیتوانیا، ئەنجومەنی ناتۆ-ئۆکراین (NATO-Ukraine Council) دامەزرێنرا. لەو ئەنجومەنەدا، ئۆکراین وەك هاوبەش و بەشداربویەکی یەکسان دادەنیشێت بۆ گفتوگۆی سیاسی، پرسەکانی هاریکاریی سەربازی و خواستەکانی بۆ بون بە ئەندام لە هاوپەیمانییەتییەکەدا. ئەنجومەن دەکرێت لەسەر ئاستی بەرپرسانی باڵای دەوڵەتانی ئەندام یان باڵیۆزەکان و بەرپرسە سەربازییەکان، کۆبونەوەکانی خۆی ئەنجام بدات. ڕۆڵی سەرەکیی ئەنجومەن، ڕاوێژکارییە لەسەر پرسی ئاسایشی هاوبەش، لەوانە جەنگی ڕوسیا دژ بە ئۆکراین (North Atlantic Treaty Organization, 2023).

ئەرکی سەرەکیی ئەم دامەزراوانە، دروستکردنی هەماهەنگی و دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزە چەکدارەکانی ئۆکراینە لە ڕوبەڕوبونەوەی سوپای ڕوسیا. هەڵبەت، وڵاتانی ڕۆژئاوایی یارمەتییەکانیان بۆ تێکشکاندنی ڕوسیا لە ناو خاکی ئۆکراین پێشکەش دەکەن و خۆیان بە دور دەگرن لە بەکارهێنانی ئەو چەکانە لە نێو خاکی ڕوسیا. بەرپرسانی ڕۆژئاوایی چەندینجار ڕایانگەیاندووە، ئامانجیان لە بەهێزکردنی سوپای ئۆکراین هێرشکردن نیە دژ بە ڕوسیا لە ناو خاکی خۆیدا، چونکە دەکرێت زەمینەیەك بێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی چەکی مەترسیدار، لەوانە ئەتۆمی.

### ٣-٢-٢ یارمەتیدانی ئاسایشی ئۆکراین: پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی و سەربازی

دوای لەشکرکێشییەکەی ساڵی ٢٠٢٢، یەکێتیی ئەوروپا و هاوپەیمانەکانی هاوکارییە بەرگری، ئابوری و مرۆییەکانیان بۆ ئۆکرانیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیادکرد، هەروەها سزاکانیان بەسەر ڕوسیادا بەرز کردەوە، بەڵام بەهۆی مەترسیی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، خۆیان لە هەر بەشداربونێکی سەربازیی ڕاستەوخۆ، کە وڵاتەکانیان بۆ ناو شەڕەکە ڕادەکێشێت، بەدورگرت. لە چەند ڕۆژی سەرەتادا، ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپا هاریکارییەکانی لە ڕێگەی دامەزراوەی ئاشتیی ئەوروپا (EPF) گرتەبەر، بۆ بەهێزکردنی توانا و خۆڕاگریی سوپای ئۆکراین. ڕێوشوێنە سەرەتاییەکان بە بەهای ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆ بۆ پێداویستیی هێزە چەکدارەکان بڕیاری لەسەر درا. یەکێتییەکە بۆ یەکەمجار ئامێری کوشندەی لە ململانێ چەکدارییەکان بۆ دەوڵەتی سێیەم دابینکرد (Council of the European Union 17, 2022).

پەیمانگای کیل (Kiel Institute) داتای یارمەتیی دارایی، مرۆیی و سەربازیی دەوڵەتانی بۆ ئۆکراین لە ماوەی نێوان ٢٤ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ بۆ ١٥ کانونی دووەمی ٢٠٢٣ خستووەتەڕو. لەو ماوەیەدا، یەکێتیی ئەوروپا ٢٩,٩٢ ملیار یۆرۆ، یارمەتیی پێشکەش بە ئۆکراین کردووە و وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا لە دەرەوەی هاریکارییەکانی یەکێتییەکە بە بڕی ١٩,٩ ملیار یۆرۆ یارمەتیی ئۆکراینیان داوە. بەو شێوەیە، تەنیا یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندامی، ٥٤,٩٢ ملیار یۆرۆ یارمەتییان پێشکەش بە ئۆکراین کردووە (Trebesch et al, 2023, 25).

هەروەها، بەپێی داتاکانی یەکێتیی ئەوروپا، لە دەستپێکردنی جەنگ تاکو ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠٢٣، یەکێتییەکە و وڵاتانی ئەندامی، بڕی ٧٢ ملیار یۆرۆ هاوکاریی ئۆکراینیان کردووە. لەو ڕێژەیە، ٣٧,٨ ملیار بۆ یارمەتیی ئابوری، ١٧ ملیار بۆ هاوکاریی پەنابەران لەنێو وڵاتانی یەکێتییەکە، ١٥,٣ ملیار یارمەتی

سەربازی و ١،٩٩ ملیار لە یارمەتیی مرۆییدا خەرجکراوە ( Council of the European Union 18, 2023).

یەکێتیی ئەوروپا هاریکارییەکانی لە بواری سەربازی ٣،٦٠ ملیار، مرۆیی ١،٦١ و دارایی ٣٠،٣٢ ملیار یۆرۆ بووە. بەریتانیا وەك دەوڵەتێکی ئەوروپیی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا، گەورەترین یارمەتیدەری ئۆکراین بووە لە بواری سەربازی؛ بە بڕی ٦،٥٠ ملیار، مرۆیی ٠،٢٥ ملیار و دارایی ٢،٩٤ ملیار یۆرۆ بووە. ئەڵمانیا، وەك دەوڵەتێکی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا، زۆرترین یارمەتیی پێشکەش بە ئۆکراین کردووە؛ بە بڕی ٧،٢٨ میلیار یۆرۆ کە ٤،٢٤ میلیاری لە بواری سەربازی بووە ( Trebesch et al, 2023, 26).

بەپێی لەبەرچاوگرتنی تێکڕای بەرهەمی پوختی ناوخۆی (GDP) وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، زۆرترین ڕێژەی یارمەتییان لە دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا پێشکەش بە ئۆکراین کردووە، بۆ نمونە لاتیڤیا ١،٢٤٪، ئیستۆنیا ١،١٠٪، لیتوانیا ٠،٩٣٪، پۆڵەندا ٠،٦٤٪، لە کاتێکدا ئەڵمانیا بە ڕێژەی ٠،٢٠، فەرەنسا ٠،٢٥، ئیتاڵیا ٠،٢٦ و ئیسپانیا ٠،٣٤٪ بەشدارییان کردووە (Trebesch et al, 2023, 27-28).

بەپێی داتاکانی حکومەتی ئەڵمانیا، یارمەتییە ئاسایشییەکان بۆ بونیادنانی توانای سەربازیی ئۆکراین لە ساڵی ٢٠٢٢، خۆی لە ٢ میلیار یۆرۆ بینیووەتەوە، هەروەها تاوەکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ گەیشتۆتە ٥،٤ میلیار. گرنگترین ئەو کەرەستە سەربازییانەی ئەڵمانیا بۆ ئۆکراینی ناردووە، بریتین لە تانکی لیۆپارد٢-Leopard 2 (١٨) دانە، ئۆتۆمبێلی شەڕکەری ماردیر- MARDER (٤٠) دانە، ئۆتۆمبێلی شەڕکەری دینگۆ- DINGO (٥٠) دانە، ڕاداری چاودێری ئاسمانی جۆری –TRML-4D (١) دانە، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی جۆری- Iris-T SLM (٢) دانە، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی پاتریۆت (١) دانە، موشەکی بەرگریی ئاسمانی ستینگەر-STINGER (٥٠٠) دانە، موشەکی بەرگریی ئاسمانی ستریلا-STRELA (٢٧٠٠)، سیستەمی موشەکهەڵدانی مارس٢- MARS II (٥)، سیستەمی ڕاداری کۆبرا-COBRA (١) دانە، هەروەها چەندین جۆری فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سیخوڕی، لەوانە ڤێکتۆر- Vectorو ئۆتۆمبیل و زرێپۆشی سەربازی( The Federal Government of German, 2023).

فەرەنسا لە دەستپێکردنی جەنگەوە بەردەوام بووە لە یارمەتیدانی ئۆکراین بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی؛ بە ناردنی کەلوپەلی سەربازیی وەك موشەکهاوێژی MLRS (٢) دانە، سیستەمی بەرگریی ئاسمانی کرۆتال-Crotale air defence system (٢) دانە، ڕاداری گراوند ماستەر GM200 (١) دانە، تۆپهاوێژی سیزار هاویتزەر- Caesar howitzers (١٨) دانە، تانکی جۆری AMX10-RC، ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی جۆری VAB، چەندین جۆری تەقەمەنیی تر، هەروەها سوتەمەنی ( French Embassy in London, 2023).

لە پاڵ یەکێتیی ئەوروپا و بەریتانیا، ئەمریکا زۆرترین یارمەتیی دارایی و سەربازیی پێشکەش بە ئۆکراین کردووە. بەشێك لەو کەرەستە سەبازییانە بریتی بون لە تۆپهاوێژی هاویتزیر ١٥٥ میلیمەتر (١٦٠) دانە، سیستەمی بەرگری پاتریۆت (١) دانە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سکان ئیگڵ (١٥) دانە، تانکی ئەبرامز (٣١) دانە، سیستەمی موشەکی پێشکەوتوی زەوی بۆ ئاسمان (٨) دانە، ئۆتۆمبێلی دژە گوللەی ناسراو بە هامڤی-HUMVEE زیاتر لە (١٧٠٠) دانە، سیستەمی موشەکی تۆپخانەی جوڵەی بەرز (٣٨) دانە، ڕاداری چاودێریی ئاسمانی (١٠) دانە، هەروەها ئانتێنی پەیوەندییەکانی مانگی دەستکرد (٤) دانە ( U.S. Department of defense 1, 2023).

## ٢-٣ ڕێوشوێنی کاردانەوە: سزاکانی ڕوسیا لە بەرەنگاربونەوەی یەکێتیی ئەوروپا و ڕێکارەکان خۆڕاگرییەکان

سزاکانی یەکێتیی ئەوروپا، لێکەوتەی هاوشێوەی لەلایەن ڕوسیا بەدوای خۆیدا هێنا؛ ڕوسیا چەندین سزای بەسەر یەکێتیی ئەوروپا، وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکەدا سەپاند. سزاکان کاریگەرییان لەسەر خاوبونەوەی گەشەی ئابوری و بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە یەکێتیی ئەوروپا و ناوچەی یۆرۆ هەبوە. هەروەها، ڕوسیا بۆ پاراستنی سیستەمی ئابوری و دراییی، دەربازبون لە سزاکان و دۆزینەوەی بازاڕی نوێی وزە، چەندین ڕێکاری گرتۆتەبەر، کە ئاماژەیان پێدەکرێت.

### ٢-٣-١ ڕێوشوێنە سیاسییەکانی ڕوسیا بۆ سزادانی یەکێتیی ئەوروپا

دوای فراوانکردنی سزاکانی یەکێتیی ئەوروپا، وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا ڕایگەیاند، هیچ سنورێك بۆ هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپا سەبارەت بە سزاکانی دژی ڕوسیا نییە. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، دوابەدوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت لە ئۆکراینیا، بڕۆکسل بە نارەوا سنوردارکردنی یەکلایەنە لە دژی چەندین کەسایەتی و بازرگانی ڕوسی دادەنێت. ڕونە کە یەکێتیی ئەوروپا دەیەوێت وا لە ڕوسیا بکات دەستبەرداری بەرژەوەندییە گرنگەکانی بێت، ئەمەش پێکهاتەیەکی چارەنوسسازە لە ستراتیژییەتی گشتیی ڕۆژئاوا بۆ سنوردارکردنی ڕوسیا. چالاکییەکانی یەکێتیی ئەوروپا نەک تەنیا پەیوەندیی لەگەڵ ڕوسیا، بەڵکو ئاسایش و خۆشگوزەرانیی دانیشتوانی خۆی و هەروەها سەقامگیریی سیستەمی دارایی و ئابوریی جیهان دەخاتە مەترسییەوە (Ministry of Finance of the Russian Federation 1, 2022).

دوابەدوای سزاکانی یەکێتیی ئەوروپا، لە ٥ ئازاری ٢٠٢٢، ڕوسیا لیستێك وڵات و ناوچەی وەك دەوڵەتی نادۆست ڕاگەیاند. گرنگترین ئەو دەوڵەتانە پێکهاتبون لە ئەندامانی یەکێتیی ئەوروپا، ئوسترالیا، کەنەدا، ژاپۆن، نەرویج، سەنگافورە، کۆریای باشور، سویسرا، تایوان، ئۆکراین، شانشینی یەکگرتو و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ( Ministry of Finance of the Russian Federation 2, 2022). هەروەها لە ٢٠ی تەمموزی هەمان ساڵدا، هەریەك لە یۆنان، دانیمارك، سلۆڤینیا، کرواتیا و سلۆڤاکیا بۆ نێو لیستەکە

زیاد کران (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 1, 2022).

دواتر، لەسەر بنەمای مامەڵەی هاوشێوە بڕیاریدا بە شێوەیەکی بەرچاو لیستی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا و ئەو دامەزراوانە فراوانتر بکرێت کە لە چونەنێو فیدراسیۆنی ڕوسیا بێبەش دەبن. ئەوەش، زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا و بەرپرسانی باڵای یەکێتیی ئەوروپا لەگەڵ ژمارەیەک کۆمسیاری ئەورووپی و سەرۆکی ڕێکخراوە سەربازییەکانی یەکێتیی ئەوروپای، گرتەوە (Ministry of Finance of the Russian Federation 1, 2022).

وەک وەڵامێک بۆ سنوردارکردنی ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپا بۆ شەش هاووڵاتی ڕوسیا، هەشت هاووڵاتی و بەرپرسی یەکێتییەکە لەلایەن ڕوسیا خرانە نێو لیستی سزاکانییەوە، کە دیارترینیان بریتی بون لە دەیڤید ماریا ساسۆلی- سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا- جاک مایر- نوێنەری فەرەنسا لە ئەنجومەنی ئەوروپا- و ڤێرا جۆرۆڤا- جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ بەها و شەفافیەت- (Ministry of Finance of the Russian Federation 3, 2021).

لە ٧ی ئەیلولی ٢٠٢٢، لیستی سزای ئەو کەسانە فراوانتر کرا کە نوێنەرایەتیی دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندامی دەکەن. ئەو سنوردارکردنانە، بە تایبەتی ئەفسەرانی باڵای سەربازیی یەکێتیی ئەوروپا و نوێنەرانی پلە باڵای دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسای وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا و نوێنەرانی بەرهەمهێنەرانی چەک و ئامێری سەربازیی ئەورووپی، کە بەشدارن لە گەیاندنی کەرەستەی سەربازی بۆ ئۆکرانیا، دەگرتەوە (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 2, 2022).

لە وەڵامی پاکێجی نۆیەمی سزاکانی یەکێتیی ئەوروپادا، ڕوسیا سزای بەسەر هەندێك لایەنی یەکێتییەکە و ئەندامەکانیدا سەپاند؛ ئەویش ئەو لایەنانەی کە یارمەتیی ئۆکراین دەدەن لە ڕووی سەبازی و کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەت و تایبەتەکان، کە چەك بۆ ئۆکراین بەرهەمدەهێنن یان دابیندەکەن. ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپاش لە نێو ڕێکارەکانی سنوردارکردندا هاتون (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 3, 2023).

دوای ڕاگەیاندنی پاکێجی یازدەیەمی یەکێتیی ئەوروپا، وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا، جارێکی تر لیستی نوێنەرانی دامەزراوە ئەورووپییەکان و وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپای فراوانتر کرد. سزاکان، نوێنەری دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا، ڕێکخراوە دەوڵەتی و بازرگانییەکانی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و هاووڵاتییەکانیان دەگرێتەوە، کە بەشدارن لە پێشکەشکردنی هەمو جۆرە هاوکارییەکی سەربازی بۆ ئۆکراین. هەروەها، سنوردارکردنەکان ئەندامانی پەرلەمانی ناوخۆیی وڵاتانی یەکێتییەکەش دەگرێتەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە سیاسەتی ڕووبەڕووبونەوەی وڵاتەکانیان لەگەڵ ڕوسیا (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 4, 2023).

لە ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە، ڕوسیا نۆ نوێنەری ئایسلەندا و شانزە نوێنەری نەرویج و سێ نوێنەری گرینلاند و سێ نوێنەری دورگەکانی فارۆ، لەگەڵ خاکە سەربەخۆکانی دانیمارک، کە بریتین لە گرینلاند و دورگەکانی فارۆ (Faroe Islands)ی خستە نێو لیستی سزاکانی؛ بەهۆی ئەوەی پەیوەست بون بە گەمارۆی دژە ڕوسیای یەکێتیی ئەوروپا. لیستەکە کەسانی یاسادانەر، بەرپرسانی حکومەت، نوێنەری بازرگانی و ئەکادیمی و میدیایی لەخۆدەگرێت (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 5, 2022).

نیوزلەندا یەکێکی ترە لە نمونەی ئەو وڵاتانەی سزاکانی ڕوسیا گرتونیەتییەوە. لە ٧ی نیسانی ٢٠٢٢، بەرپرسانی باڵای حکومەت و ئەندامانی پەرلەمانی نیوزلەندا خرانە لیستی ڕەشەوە. لیستەکە لە ١٣٠ کەس پێکهاتبو. ئەوەش وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەو سزا بێوێنانەی کە ویلنگتۆن بەسەر بەرپرسانی باڵای فیدراسیۆنی ڕوسیا و بەشێکی بەرچاو لە یاسادانەرەکانیدا سەپاندویەتی (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 6, 2022). دواتر، سزای بەسەر ٣٢ کەسایەتی لەناو سەرۆکشارەوانییەکان، دەزگاکانی ئاسایش، بەرگری و جێبەجێکردنی نیوزلەندا سەپاند. سزاکان، بەشێك لە ڕۆژنامەوانانیشی گرتەوە کە بانگەشەی ڕوسۆفۆبی (Russophobic) دەکەن، ئەو لایەنانە چونەنێوخاکی ڕوسیایان لێ قەدەغە کرا (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 7, 2022).

بە هۆی هەڵوێستی دژە ڕوسیایی حکومەتی ئێرلەندا، وەزرارەتی دەرەوە بڕیاریدا کە ٥٢ سەرکردە و سیاسەتمەدارە دیارەکانی ئێرلەندا بۆ لیستی قەدەغەی ڕوسیا زیاد بکرێت، کە بەبێمەرج پشتگیری لەو ڕێوشوێنە سنوردارکەرانە دەکەن کە یەکێتیی ئەوروپا لە دژی هاووڵاتیانی ڕوسیا لە هەوڵێکدا بۆ گۆشەگیرکردنی نەتەوەی ڕوس لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، گرتوویەتییەبەر. مایکیل مارتن سەرۆکوەزیران، لیۆ ڤارادکار جێگرەکەی، شۆن فیرغایل سەرۆکی دایل (ئەنجومەنی پەرلەمان)، سیمۆن کۆڤینی وەزیری دەرەوە و بەرگری، هەروەها وەزیرانی داد و دارایی، لەنێو ئەو هاووڵاتییە ئێرلەندییانەن کە چیتر ڕێگەیان پێنادرێت بچنە ناو فیدراسیۆنی ڕوسیا (Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 8, 2022).

ڕوسیا چەندین وڵاتی تری ئەورووپی و ڕۆژئاوایی خستۆتە نێو لیستی سزاکانییەوە، لەوانە ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، دەکرێت لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا سزاکان بۆ سەر ئەو وڵاتانە ببینرێن، جیاواز لە سزای وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە کەرتی ئابوری و دارایی ڕوسیایان کردۆتە ئامانج، سزاکانی ڕوسیا زیاتر قەدەغەکردنیان بۆ چونەنێو خاکەکەی دەگرێتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ڕێکخراو و کۆمەڵە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا.

## ٢-٣-٢ خۆڕاگری لە نێوان گەمارۆکان: سیاسەتی ئابوریی ڕوسیا لە وەڵامی فشارە نێودەوڵەتییەکاندا

دوابەدوای پەرەسەندنی گرژیی نێوان ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا بەهۆی پرسی ئۆکراین و سەپاندنی سزاکان بۆ داڕوخاندنی ئابوریی ڕوسیا، ئەو وڵاتە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی توندی گرتۆتەبەر بۆ پاراستنی سیستەمی ئابوری و دارایی لە هەر شۆکێکی دەرەکی کە ئاراستەی دەکرێت.

**ڕێکارە داراییەکان بۆ فشار خستنەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پاراستنی بەهای ڕۆبڵ:** لە درێژەی ڕێکارەکانیدا، کرێملین لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢، بۆ پاراستنی ئاسایشی ئابوری و دارایی دەوڵەت، بڕیاری گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێوشوێنی تایبەتی دا. لە چوارچێوەی ڕێکارەکاندا، بازرگانان ناچارکران بە فرۆشتنی بەشێك لە دراوە بیانییەکانیان بە بانکەکانی ڕوسیا، هەروەها مامەڵەی ئاڵوگۆڕی بیانی کە تێیدا دانیشتوان بەپێی ڕێکەوتنی قەرز دراوی بیانی بۆ کەسانی غەیرە نیشتەجێبو دابین بکەن، قەدەغە کرا. جگە لەوەش، نابێت دانیشتوان دراوی بیانی بخەنە سەر ئەکاونتەکانیان کە بانکەکان یان ڕێکخراوەکانیان لە دەرەوەی ڕوسیایە. سەرەڕای ئەوەش، گواستنەوەی پارە بەبێ کردنەوەی هەژماری بانکی و بە بەکارهێنانی بژاردەی پارەدانی ئەلیکترۆنی، کە لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری پارەدانی بیانییەوە دابینکراوە، قەدەغە کرا (Vladimir Putin 1, 2022).

لە ٥ی ئازاری ٢٠٢٢، بڕیاردرا بە دانەوەی قەرزی کۆمپانیا و لایەنە ڕوسییەکان بەو قەرزدەرانەی کە بنکەکانیان لە دەوڵەتانی نادۆستن بە دراوی ڕۆبڵی ڕوسی، ئەویش بۆ ئەو قەرزانەی کە زیاترن لە ١٠ ملیۆن ڕۆبڵ. گۆڕینەوەی دراوەکان بە ڕۆبڵ، بە نرخی فەرمیی ڕۆژی ئاڵوگۆڕی بانکی ناوەندیی ڕوسیا دەبێت (Vladimir Putin 2, 2022). پاشان، لە ٦ی ئازار، حکومەت ڕێکاری تایبەتی گرتەبەر بەرامبەر بە کۆمپانیا بیانییەکان کە سەر بە وڵاتانی نادۆستن. لەو ڕێککەوتە بەدواوە هەمو مامەڵەیەك لە نێوان کۆمپانیا ڕوسییەکان لەگەڵ کەس یان کۆمپانیا بیانییەکان دەبێت لە ژێر ڕەزامەندیی کۆمیسیۆنی حکومەت بۆ چاودێریی سەرمایەگوزاریی بیانی بێت (Federal Anti-Monopoly Service, 2022).

لە هەمان ڕۆژ (٥ی ئازار ٢٠٢٢) بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرز و پابەندبونەداراییانەی وڵاتانی نادۆست بەرانبەر ڕوسیا هەیانە، بڕیاری دا لە بری دۆلار، مامەڵە بە ڕۆبڵی ڕوسی بکرێت، ئەویش بە کردنەوەی هەژمارێکی تایبەت لە بانکی ڕوسی (Ministry of Finance of the Russian Federation 2, 2022). دواتر، هەناردەکردنی ٢٠٠ بەرهەمی بۆ وڵاتانی نادۆست ڕاگەیاند. سەرەڕای ئەوەش، ناردنی بەشێك لەو بەرهەمانە سنوردار کرا، کە لە کەرتی کشتوکاڵی بەکاردەبرێت. لەپاڵ ئەو ڕێکارانەشدا، ٥٩ کۆمپانیای بیانی، کە لە ڕوسیا کاریان دەکرد، خرانە لیستی ڕەشەوە (Fu, 2022, 96).

لە ڕوداوێکی کەموێنەدا، بانکی ناوەندیی ڕوسیا ناردنی پارەی تاکەکانی بۆ دەرەوەی ڕوسیا سنوردار کرد. بەپێی ڕێکارەکان، هەر تاکێك لە مانگێکدا نابێت لە ١٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی یان هەر دراوێکی بیانی بەو بەهایە ڕەوانەی دەرەوە بکات، بۆ ئەو ناردنانەشی کە لە دەرەوەی هەژماری بانکی و بە حەواڵە لە ڕێی کۆمپانیاکانەوە ئەنجام دەدرێت، دەبێت لە (٥ هەزار) دۆلار تێنەپەڕێت، هەروەها گواستنەوەی پارە لە هەژماری ڕوسی بۆ تاك و کۆمپانیای وڵاتانی نادۆست یان دامەزراوە یاساییەکانیان، بۆ ماوەی شەش مانگ ڕاگیرا (Bank of Russia 1, 2022). سەرەڕای ئەو ڕێکارانە، وەرگرتنی پارەی نەختینەیی بە دراوەکانی دۆلار، یۆرۆ، پاوەند و یەن لەلایەن کۆمپانیا و خاوەنکارە ناڕوسییەکان کە لە ڕوسیادا سەرمایەگوزاری دەکەن، قەدەغە کرا. هەڵبەت، جگە لەو دراوانە، هیچ سنورێك بۆ وەرگرتنەکانیان بەپێی نرخی ئاڵوگۆڕی بازاڕ دانەنرا (Bank of Russia 2, 2022).

## پاڵپشتیی گەشەی ناوخۆیی: ڕێوشوێنەکانی قەدەغەکردن و پاراستنی گەشەسەندنی ئابوریی ڕوسیا

بەشێوەیەکی گشتی، دوای لکاندنی نیمچە دورگەی کریمیا و گرتنەبەری ڕێوشوێنی سزاکان دژ بە ڕوسیا، لە ساڵی ٢٠١٥ مۆسکۆ سیاسەتی هاوشێوە و دژەسزای (counter-sanction) بەرامبەر بە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا گرتەبەر. لەو چوارچێوەیەدا، هاوردەکردنی بەشێك لە بەرهەمە خۆراکییەکانی لە یەکێتیی ئەوروپا، ئەمریکا و کەندا قەدەغەکرد. هاوکات بە مەبەستی پڕکرنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانی، کۆمیسیۆنێکی جێگرەوەی هاوردەکردنی دامەزراند، تاوەکو ئەو سەرچاوانەی پێشتر لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا دابینی دەکرد، بەدەستی بخات. لەگەڵ ئەوەشدا، پێداچونەوەی بە سیاسەتی ئابوریی وڵاتەکە کرد؛ بە گۆڕینی ئاراستەی بەرەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و دۆزینەوەی هاوبەشی نوێ (Black, 2022, 131-132).

بۆ ڕێگری لە کورتهێنان و پاراستنی سەقامگیریی بازاڕ، حکومەتی ڕوسیا بڕیاریدا، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢، هەناردەکردنی بەشێك لە کاڵا و ئامێرەکانی بۆ دەرەوەی وڵات (جگە لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئابوریی ئۆراسیا لەگەڵ ئەبخازیا و ئۆسێتیای باشور) قەدەغە بکات، لەوانە ئامێری تەکنۆلۆژی، ئۆتۆمبێل، ئامێری کشتوکاڵی، ئامێری کارەبایی، تۆرباین و هتد (Russian Government, 2022).

بڕیاری حکومەت لە کاتێکدا بو هاوردەکردنی پێکهاتە و ئامێرەکان دەکرا سودی دولایەنەی (Dual-Use Goods) لێ وەربگیرێت، قەدەغەکرابون. هەروەها بەشێك لەو کۆمپانیایانەی لە ڕوسیا وەبەرهێنانیان دەکرد، کارەکانیان ڕاگرتبو یان بەتەواوی وڵاتەکەیان جێهێشتبو. ئەم ڕێکارانە دەیانتوانی ئامێرە کۆگاکراوەکان بپارێزن بۆ بەردەوامیی گەشەی ئابوری و پیشەسازی یان لانیکەم پاراستنی لە داڕوخان.

لەلایەکی تر، حکومەت بۆ یارمەتیدانی کۆمپانیا ناوخۆییەکان و پاراستنی سەرمایە، باجی لەسەر هاوردەکردنی بەشێك لەو کاڵایانە هەڵگرت کە لە ناوخۆدا هاوشێوەکانیان بەرهەم ناهێنرێن، لەوانە ئامێرەکانی دروستکردنی خانوبەرە (Ministry of Industry and Trade of the Russian Federation, 2022). ئەم هەنگاوە یارمەتیدەر بو بۆ لەکارنەکەوتنی کارگەکان یان

مایەپوچبونیان، ئەویش بە دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ وەدەستخستنی کەرەستە پێویستییە بیانییەکان و ڕێگری لە بەرزبونەوەی نرخی بەرهەمە ناوخۆییەکان.

ئەگەرچی واچاوەڕواندەکرا گەشەی ئابوریی ناوخۆیی ڕوسیا لە ساڵی ٢٠٢٢ و دوای پەتای کۆڤید ١٩ گەشەی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراین دابەزی. لەگەڵ ئەوەی ئابوریی ڕوسیا بەهۆی سزاکانەوە لاوازی بەخۆیەوە بینی، بەڵام پاڵپشتییە داراییەکانی حکومەت بۆ سەقامگیری و جێگیریی وەبەرهێنانی ناوخۆیی، ڕۆڵی بنەڕەتیی گێڕا لە بەرگەگرتنی ئابوریی دەوڵەت. سەرەڕای نادڵنیایی و دابەزینی ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکان، بەڵام وەبەرهێنانی ناوخۆیی لەو ساڵەدا گەشەی بەهێزی بەخۆیەوە بینیوە (Ribakova, 2023).

سەرەڕای فشار و سزاکان بەڵام ئابوریی ڕوسیا توانیویەتی بەرگەی داڕمان بگرێت و لە ئاستی بەرگریدا بمێنێتەوە، ئەوەش بۆ هەندێك هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە: بەرزبونی ئاستی داهات؛ لە ئەنجامی بەرزبونەوەی نرخی وزە و کانزاکان، گرتنەبەری ستراتیژی قەڵا (Russian Fortress strategy) بۆ فراوانکردنی زۆرترین خزمەتگوزاریی ناوخۆیی و کەڵەکەکردنی یەدەگ بۆ پاراستنی ئاسایشی ئابوریی ناوخۆ لە هەر شۆکێکی دەرەکی، لە کۆتاییشدا بەرزکردنەوەی دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ وەربەرهێنان. واتە ڕوسیا توانیویەتی کەرەستەی خاوی پیشەسازی لە ناوخۆیدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادبکات بۆ بەردەوامیدان بە وەبەرهێنان. ئەو ڕێکارانە لەپێناو پشتبەستن بون بە کەرەستەی ناوخۆیی، وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەگەری کەمبوونیان لە پیشەسازیی وەبەرهێنان (Ribakova, 2023).

هەندێك هۆکار هەبون کە کاریگەریی جەنگ و سزاکانیان کەمکردۆتەوە، لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین (Rácz, Spillner & Wolff, 2023, 3-4):

١. سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی کۆمپانیاکان و دەوڵەتی ڕوسیا هەناردەکردنی سوتەمەنیی بەردین و تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی سزاکان بون. داهاتی نەوت و گاز لە کانونی دووەم بۆ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ خۆی لە ١٣٢ ملیار دۆلار بینیوەتەوە و ٣٤٪ زیاتر بووە لە داهاتی ٢٠٢١. هەروەها هەناردەی نەوت لە ٢٠٢٢ ڕێژەی هەناردەی ٢٠٢١ی تێپەڕاند، کە زیاتر ئاراستەی چین و هیند دەکرا.

٢. لە پێناو ڕێگری لە پاشەکشەی ئابوری، حکومەت پشتگیریی ئەو کۆمپانیا و کارگانەی کرد کە بەهۆی سزاکانەوە زیانیان بەرکەوتووە.

٣. گرتنەبەری ڕێگای دەربازبونلەسزا و سنورداریی‌ەکان؛ بە دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و هاوردەکردن لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و چەند وڵاتێکی تر.

٤. ڕوسیا پێش جەنگ، یەدەگێکی گەورەی ٥٠٠ ملیار دۆلاریی کۆکردەوە، پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئۆکراین. سەرەڕای ئەوەی ٣٣٠ ملیار دۆلاری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بلۆك کراوە، بەڵام ئەو یەدەگەی لە بەردەستیدا ماوەتەوە دەتوانێت ئابورییەکەی پێ لە ڕوخان بپارێزێت.

## ڕێکارەکانی ڕوسیا بۆ تێکشکاندنی گەمارۆ ئابورییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و ڕۆژئاوا

ڕوسیا بۆ وەدەستخستنی تەکنۆلۆژیی بەرز، بەتایبەت ئەو ئامێرانەی کە سودی دولایەنەیان لێدەبینرێت، یان بۆ خزمەتی سەربازی بەکاردەهێنرێن، پەنا بۆ ئەو دەوڵەتانە دەبات کە لە ڕژێمی سزاکاندا نین و کاڵای ڕۆژئاوایی هاوردە دەکەن. بەو شێوەیە، توانیویەتی بەشێك لەو پێداویستییانەی کە هەناردەکردنیان لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی قەدەغە یان سنوردار کراون، هاوردە بکات.

پاش سنورداربونی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی، سەرۆکوەزیرانی ڕوسیا میخائیل میشوستین (Mikhail Vladimirovich Mishustin) لە ١٦ ئازاری ٢٠٢٢، بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی کە پێشبینیی کەمبونەوەی دەکرا، بڕیاریدا بە خێراکردنی پرۆسەی هاوردەکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ناو ڕوسیا (Ministry of Finance of the Russian Federation 4, 2022).

وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز لە ڕیزی یەکەمی ئەو وڵاتانەن کە زۆرترین هەناردە ئەلیکترۆنی و تەکنۆلۆژییەکانیان بۆ ڕوسیا دەچێت. داتاکان پیشانی دەدەن، لە ساڵی ٢٠٢١، هەناردەکردنی کاڵای ئەلیکترۆنی و ئۆتۆمبێل لە ئەرمینیا بۆ ڕوسیا ٢١,٧٩ ملیۆن دۆلار بووە بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرز بووەتەوە بۆ ٧٥٣,١٣ ملیۆن. هەر لەو ماوەیەدا، هەناردەی کاڵای ئەلیکترۆنی لە ئۆزبەکستان لە ٣٣,٥٩ بۆ ٨٤,٢٢ ملیۆن، تورکیا لە ٢٥٣,٦٥ بۆ ٥٥٩,١٢ ملیۆن، هەروەها جۆرجیا لە ٧,٦٨ بۆ ١٤,٦٢ ملیۆن دۆلار بەرز بووەتەوە (Donovan, 2023).

کاڵاکان بە تەنیا لە وڵاتانی ئاسیایی هەناردە ناکرێن، بەڵکو لەنێو وڵاتانی ئەوروپیشدا بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ یان دەوڵەتی سێیەم هەناردەکردنەکان بەردەوامییان هەیە. ئەڵمانیا و لیتوانیا، دو دەوڵەتی دیارن، کاڵاکانیان هەناردەی ڕوسیا دەکرێت، لە کاتێکدا بەشێکن لە ڕژێمی سزاکان. کەرەستە بازرگانییەکانی ئەڵمانیا وەك تەکنۆلۆژیی پێشکەوتو، ئامرازەکانی گواستنەوە و کۆمپیوتەری کوانتۆم (quantum computer) و کەرەستەی تر، بە گشتی لە ڕێگەی کازاخستانەوە ڕەوانەی ڕوسیا دەکرێت، ئەویش بە تێبینیکردنی بەرزبونەوەی ئاستی هەناردەکردنی لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢. پۆلیامید (Polyamide) یەکێکە لەو مادانەی کە دەکرێت سودی دولایەنەی پیشەسازیی هەبێت، ئەو مادەیە تاکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ هیچ هەناردەیەکی بۆ کازاخستان نەبو، بەڵام دوای قەدەغەکردنی لە ڕوسیا، کازاخستان تاوەکو مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ کۆی هاوردەکردنی گەیاندە ٢٠٠ تۆن. هەروەها لیتوانیا هەناردەکردنی ئۆتۆمبیلی بۆ بیلاڕوس لە نێوان مانگی ئایار و ئەیلوول ساڵی ٢٠٢٢ بە ڕێژەی ١٠٪ زیاد کردووە، بە ئەگەری زۆریشەوە لەوێوە ڕەوانەی ڕوسیا دەکرێن (Lindeman & Dale, 2023).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp240-257

**ڕێکخستنەوەی ئابوری و گەڕان بەدوای بازاڕە جێگرەوەکاندا**

سەپاندنی سزاکان و سنوردارکردنی هەناردەکردنی پێداویستییەکان لەلایەن ڕۆژئاوا، هۆکار بووە بۆ فراوانتربونی پەیوەندییەکانی ڕوسیا لەگەڵ وڵاتانی سێیەم، بەتایبەت چین و هیند. لە ڕاستیدا، پەیوەندییەکانی ڕوسیا و وڵاتانی بەهێزی ئاسیایی ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە سەقامگیریی سیستەمی دارایی ڕوسیا و بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لە خاکی ئۆکراین.

چین، یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی فراوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا پەرەپێداوە. دوای هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکراین، سەردانی چین شی جینپینگ سەرۆککۆماری گەلی چین بۆ ڕوسیا و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی قووڵکردنەوەی هاوبەشیی ستراتیژیی گشتگیری هەماهەنگی بۆ سەردەمی نوێ لە ٢١ ئازاری ٢٠٢٣، نیشانەی بەهێزبونی پەیوەندییە دولایەنییەکانیانە( Ministry of Foreign Affairs of the People's Republic of China, 2023).

لە بەیاننامەی هاوبەشی هەردو سەرۆك، جەخت لە چەند هێندەکردنی قەبارەی بازرگانی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە بواری دارایی، بەرهەمهێنانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا، گواستنەوە و لۆجستی، کرابویەوە. ئەم هەنگاوانە لە چوارچێوەی پلانی فراوانکردنی هاوکاریی ئابوری تا ساڵی ٢٠٣٠ ئاماژەیان پێکراوە (Kremlin 1, 2023). لەو نێوەندەدا ئاماژە بەوە کرا، کە چین تا ساڵی ٢٠٣٠ لانیکەم ٩٨ ملیار مەتر سێجا غاز لە ڕوسیا وەردەگرێت، ئەوە جگە لە ١٠٠ ملیۆن تۆن غازی سروشتی شل (LNG) (Kremlin 2, 2023).

لە دوای قەدەغەکردنی هاوردەی نەوتی خاوی ڕوسیا لەلایەن یەکێتیی ئەوروپا، چین بووە بە بازاڕێکی جێگرەوە. لە ماوەی مانگی کانوونی دووەم بۆ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ ڕێژەی هاوردەی نەوتی خاوی ڕوسی ١٠،٢٪ بەرزبووەتەوە و لە ڕۆژێکدا ١،٧٥ ملیۆن بەرمیلی هاوردە کردووە (Mohanty & Vahn, 2023).

بەپێی داتای گومرگی چین، لە ساڵی ٢٠٢٢، کۆی بازرگانی نێوان ڕوسیا و چین گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی تۆمارکراو کە ١٩٠ ملیار دۆلار بووە، بەراورد بە ساڵی ٢٠٢١ بە ڕێژەی ٢٩،٣٪ زیادی کردووە. لە پێنج مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣دا، ئاڵوگۆڕی بازرگانییان نزیکەی ٩٤ ملیار دۆلار بووە و ٤٠،٧٪ زیاتر بووە لە هەمان ماوەی ساڵی پێشو (Essen, 2023, 3-4). لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی پوتین و شی، پوتین پێشبینیکرد کە ئەمساڵ (٢٠٢٣) بازرگانیی نێوان هەردو وڵات بگاتە ٢٠٠ ملیار دۆلار، ئەوەش دەبێتە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییە بازرگانییەکانیاندا (Kremlin 1, 2023). داتاکان پیشانی دەدەن، لە مانگی نیسانی ٢٠٢٣ ڕێژەی هەناردەکردنی چین گەیشتۆتە بەرزترین ئاست؛ نزیکەی ٩،٦ ملیار دۆلار بۆ (Essen, 2023, 7-8).

هەناردەکردنی کاڵا دوەبەستەکان لەلایەن چینەوە، کە بۆ بەکارهێنانی سەربازی و پەرەپێدانی پیشەسازیی بەرگریی ڕوسیا زۆر گرنگن، بەشێوەیەکی بەرچاو فروانبون، لەوانە ئینتکرێت (**integrated circuits**)، کۆنداکتەر (**semiconductors**) و ئەلومینا (Alumina). بەپێی زانیارییەکانی گومرگی چین، بەهای هەناردەکردنی ئینتکرێت بۆ ڕوسیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا ١٧٩ ملیۆن دۆلار بووە، کە بە ڕێژەی ١٤٢% زیادیکردووە، بەراورد بە ساڵی ٢٠٢١. هەروەها هەناردەی ئەلومینا لە تەواوی ساڵی ٢٠٢١دا تەنها ١٧٤٧ تۆن بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ خۆی لە ٨٤٣ هەزار تۆندا بینیوەتەوە (Essen, 2023, 11-12).

هیندستان بە ستراتیژییەکی کەمێک جیاوازەوە لە ڕوسیا نزیک بووەتەوە. هاوردەکردنی کاڵای ڕوسی لەلایەن هیندستانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، لەوانە پۆڵا و پەین. لە هەمووی گرنگتر، هیندستان هاوردەکردنی نەوتی ڕوسیای لە ئاستێکی نزم لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئاستێکی بەرچاو لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرزکردەوە (Chang, 2023).

لە ماوەی نێوان کانونی دووەم بۆ ئابی ٢٠٢٢، بەهای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردو وڵات بە ڕێژەی ١٣٠٪ بەرزبویەوە و گەیشتە ١٧ ملیار دۆلار. گەیاندنی نەوتی ڕوسیا بۆ هیندستان بە داشکاندنی بەرچاو، هۆکاری ئەو بەرزبونەوە لەناکاوە بو (Russia Briefing, 2023). لە ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١، نەوتی ڕوسیا کۆی ٠،٢٪ هاوردەی نەوتی هیندستانی پێکدەهێنا، بەڵام لە لە نێوان مانگی نیسان بۆ کانونی دووەمی ٢٠٢٢ ئەو ڕێژەیە بۆ ١٧،١٪ بەرزبووەتەوە و ٢١،٧ میلیار دۆلار بووە ( Kalyankar & Schulz, 2023).

لەپاڵ وزە، ڕوسیا پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ هیندستان بەرەوپێش بردووە، بۆ نمونە ئاستی هەناردەکردنی بۆ هیند لە شوباتی ٢٠٢٢ بۆ شوباتی ٢٠٢٣، لە ٨٣١ ملیۆن بەرز کردۆتەوە بۆ ٥،٠٨ ملیار دۆلار ( The Observatory of Economic Complexity, 2023). ڕوسیا هەناردەی کانزا نائاسنییەکان، دەرمان، مادە کیمیاییەکان، بەرهەمەکانی لاستیک، ئامێری کارەبایی، ئەلەمنیۆم و کانزاکانی تری بۆ هیندستان پەرەپێداوە. لە بەرامبەردا، بەرهەمەکانی پیشەسازیی کیمیایی، میکانیکی و دەرمانسازی لە هیندستانەوە هاوردە دەکات. نیودەلهی ڕایگەیاندووە، ئامادەیە پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و جۆرەکانی تری گواستنەوە بۆ ڕوسیا دابین بکات ( Russia Briefing, 2023).

ئەوەی پەیوەندیی بە هاوردەکردنی چەك هەبێت، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، هۆکارەکەش بۆ جەنگی ئۆکراین و پێویستییەکانی ڕوسیا دەگەڕێتەوە، بۆ بەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لەو وڵاتە. پێش شەڕوپێکدادانەکان، ڕوسیا ٦٠٪ی چەکی هیندستانی دابیندەکرد، بەڵام ئێستا ئەگەرچی لە پلەی یەکەمی هەناردەکارانی ئەو وڵاتەیە بەڵام پشکەکانی بۆ ٤٥٪ دابەزیوە (Carafano, 2023).

## ٣. کاریگەریی سزا و ڕێکارە دولایەنییەکان لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا

ڕێوشوێنەکانی سنوردارکردن کاریگەریی دولایەنەی لەسەر یەکێتیی ئەورووپا و ڕوسیا هەبوە. پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی سیاسی، ئابوری و بازرگانی، سەربازی و ئاسایشی بۆ نزمترین ئاست یان ئاڵۆزی، گۆڕاون. لەم باسەدا، ئاماژە بە گرنگترین لێکەوتە و دەرکەوتەکانی جەنگی ئۆکراین لەسەر پەیوەندییە دولایەنییەکان لەسەر ئاستی سیاسی، ئابوری و ئاسایشی دەکرێت.

## ٣-١ گرژی و ئاڵۆزیی پەیوەندییە سیاسییەکان دوای قەیران و جەنگی ئۆکراین

جیاوازیی تێڕوانینەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا سەبارەت بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، پەیوەندییە بازرگانییەکان و پێویستییە ستراتیژییەکان، بە هۆکاری ئاڵۆزی و بەرزونزمیی پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا لەقەڵەم دەدرێت. هەردو لایەن لەگەڵ بونی بەرژەوەندیی هاوبەش، بەڵام چەندین پرسی ناکۆك لە نێوانیاندا هەیە. ئێستا، ئۆکراین ناکۆکی و ململانێکانی نێوانیانی بردووەتە ئاستێکی مەترسیدار (صدیق و شرقی، ١٣٩٥، ١٣٢).

یەکێتیی ئەوروپا لە ڕێگەی سزاکانییەوە، سیاسەتێکی توندی گرتۆتەبەر بۆ سنوردارکردنی دەستێوەردانەکانی ڕوسیا. سزاکان، بونەتە بنەما و بزوێنەری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتییەکە بەرانبەر بە ڕوسیا. بەرگریکردن لە بەها و نۆرمە ڕۆژئاواییەکان، هەروەها ڕێزگرتن لە سەروەری و سنووری نێودەوڵەتییەکان، یەکێتیی ئەورووپای خستە بەردەم بژاردەیەکی سەخت، ئەویش پاڵشتیکردنی ئۆکراین و ڕووبەڕوبونەوەی ناڕاستەوخۆیە لەگەڵ ڕوسیا (نیکنامی، ١٣٩٤، ١٢-١٣).

لەگەڵ لکاندنی کریمیا، یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا ڕەفتارەکانی ڕوسیایان وەك سیاسەتی نیۆئیمپریالیستی ناساند. یەکێتیی ئەوروپا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ڕوسیا سنوردار کرد، هەروەها سزای گەشتی بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە لە بەشێك لە کەسایەتییەکانی ڕوسیا قەدەغە کرد. دواتر، بەهۆی خستنە خوارەوەی فڕۆکەی مالیزی MH17 لە مانگی تەمووزی ٢٠١٤، پاکێجی سزا ئابورییەکانی دژ بە ڕوسیا ڕاگەیاند (رضاپور، سیمبر & جانسیز، ١٤٠٠، ٥١).

لە درێژەی داڕشتنەوەی سیاسەتی یەکێتییەکە، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە ١٤ی ئازاری ٢٠١٦دا لەسەر پێنج بنەمای سیاسیی بنەڕەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕوسیا ڕێککەوتن، کە گرنگترینیان پەیوەندی هەبو بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی مینسک، خۆڕاگریی زیاتر لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ڕوسیا لەوانە لە بواری ئاسایشی وزە، پەرەپێدانی پەیوەندیی قووڵتر لەگەڵ کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشو، بە دیاریکراوی ئۆکراینا (Russell, 2016, 2).

یەکێتیی ئەوروپا لە ستراتیژی جیهانی ساڵی ٢٠١٦، ئاماژەی بە ناسەقامگیرییەکانی ئۆکراین کرد و وەك هەڕەشە بۆ سەر ڕێکخستنی ئاسایشی ئەوروپا لەقەڵەمیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، جەختی لە ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیاردانی ئازادانەی دەوڵەتان کردەوە لە هەڵبژاردنی بژاردەکانیاندا. لەو ڕوانگەیەوە، شورای ئەوروپا، لکاندنی کریمیای بە نایاسایی لەقەڵەمدا و جەختی لە مافی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کردەوە بە پەیوەستبونیان بە یەکێتییەکەوە (European Union Global Strategy, 2016, 33).

پێش دەستپێکردنی ململانێی ئۆکراین، یەکێتیی ئەوروپا و ڕوسیا لە کۆمەڵێك بواردا پێکەوە کاریان دەکرد و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی هاوبەش و هاوکاری دروستکرد بو، کە لە ساڵی ١٩٩٧ کەوتبوە بواری جێبەجێکردنەوە. بازرگانی و ئابوری، وزە، گۆڕانی کەشوهەوا، توێژینەوە و پەروەردە، ڕۆشنبیری و زۆرێک لە بابەتەکانی ئاسایشی دەرەوە، بابەتەکانی هاوکاریی نێوان یەکێتیی ئەوروپا و ڕوسیا بون. لە دوای شوباتی ٢٠٢٢ بە نزیکەی هەمو بەرنامەکانی هاوکاریی یەکێتیی ئەوروپا و ڕوسیا وەستاون (The European External Action Service 2, 2022).

جەنگی ئۆکراین، پەیوەندییەکانی بردووەتە قۆناغێکی نوێ. ڕووداوەکان بە تەنیا دەرخەری ململانێی نێوان دو هێزی جیۆپۆلەتیکی نین ، بەڵکو دو ڕوانگەی جیاواز دەخاتەڕو سەبارەت بە فۆرمی ڕێکخستن و سیستەمی نێودەوڵەتی. جەنگی ئۆکراین زەمینەیەك بووە بۆ یەکگرتوویی زیاتر لە نێوان وڵاتانی ئەورووپی و هەوڵدان بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی سەربەخۆتر، بەتایبەت لە کەمکردنەوەی ئاستی وابەستەیی لە بواری وزەدا(Lonardo, 2023, 46-48).

ئێستا، پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا لە ڕوی دیپلۆماسییەوە ئاڵۆز بووە. هەردو لایەن چەندین سزایان لەسەر بەرپرسانی باڵا و نوێنەرە فەرمییەکانی یەکتر داناوە. وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەشێکی فراوان لە بەرپرسانی هەردولا ناتوانن بچنە نێو خاکی یەکتر. هەڵبەت، لە ئەنجامی پێشهاتە جیۆپۆلیتیکییەکان و بڕیارەکانی هەردو لایەن، بارودۆخەکان دەتوانن بە خێرایی بگۆڕدرێن.

## ٣-٢ لاوازبوونی پەیوەندیی بازرگانی و داڕشتنەوەی پەیوەندییە ئابورییەکان

بناغەی یاسایی پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا بۆ ڕێککەوتننامەی هاوبەش و بەشداری ساڵی ١٩٩٧ دەگەڕێتەوە. بابەتە ئابوری و بازرگانییەکان کرۆکی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا پێکدەهێنێت. ڕوسیا بە سێیەمین هاوبەشی بازرگانی ئەوروپا دادەنرا، لە بەرامبەریشدا یەکێتییەکە لە پلەی یەکەمی هاوبەشی بازرگانیی ڕوسیا دەهات (وثوقی، ١٣٩٤، ١٣١).

لە ساڵی ٢٠١٣ هەناردەی یەکێتییەکە بۆ ڕوسیا ٤٠٠ ملیار دۆلار بووە. تاکو پێش ڕوداوەکانی یۆرۆمەیدان، ڕوسیا کۆی ٧٪ هەناردەی یەکێتیی ئەوروپای پێکدەهێنا، بە جۆرێك ٣١٪ کاڵای ڕوسیا لە بازاڕەکانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکە هاوردە دەکرا. پەیوەندییە بازرگانییەکان، ئاستی دەرفەتی کاری بەرزکردبویەوە و بازاڕەکانی ئەوروپای بوژاندبویەوە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp240-257

لە ئاستێکی فراواندا پەیوەندییە دولایەنییەکانیان بەرەوپێش بردبو، لەوانە ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و فەرەنسا (نیکانامی، ١٣٩٤، ١٤-١٥).

لە دوای لکاندنی نیمچە دورگەی کریمیا، پەیوەندییەکان بۆ ئاستێکی نزم دابەزین. لە ساڵی ٢٠١٤ کۆی هاوردەکانی یەکێتیی ئەوروپا لە ڕوسیا گەیشتە ١٨١,٨٤٤ ملیارد یۆرۆ و هەناردەکردنیش ١٠٣,٢٩٦ ملیار کە تێکڕا ٢٨٥,١٤٠ ملیارد یۆرۆ بو. ئاستی ئاڵوگۆڕ لەو ساڵەدا ٨٪ دابەزینی بە خۆیەوە بینی (نیکانامی، ١٣٩٤، ١٥).

سەرەڕای سزاکان، بەڵام پەیوەندییە ئابورییەکان بەردەوامییان هەبوە. بەپێی ئامارەکان، لە ساڵی ٢٠٢١ ڕوسیا ٥,٨٪ کۆی بازرگانیی دەرەکی یەکێتیی ئەوروپای پێکدەهێناوە و لە ڕیزبەندی پێنجەمی هاوبەشی بازرگانیی یەکێتییەکەدا بووە. لە بەرانبەردا، یەکێتیی ئەوروپا لە ڕیزبەندی یەکەم هاوبەشی بازرگانیی ڕوسیا بووە و کۆی ٣٧,٣٪ بازرگانیی دەرەکیی ڕوسیای پێکهێناوە. جێی ئاماژەیە، کۆی داهاتی بازرگانیی هەردولایەن لە ساڵی ٢٠٢١، ٢٥٧,٥ ملیار یۆرۆ بووە. هاوردەی یەکێتیی ئەوروپا لەو ڕێژەیە ١٥٨,٥ ملیۆن یۆرۆ بووە و پشکی گەورەی لە هاوردەکردنی وزە بووە بە ڕێژەی ٩٨,٩ ملیار. لەدوای لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراین، پەیوەندییە بازرگانییەکان بۆ ئاستێکی نزم دابەزین. شیاوی ئاماژە پێکردنە، لە ماوەی مانگی ٢ بۆ ١٢ی ساڵی ٢٠٢٢ کۆی هەناردەکردنی ڕوسیا بۆ یەکێتیی ئەوروپا لە ٩,٥٪ بۆ ٤,٣٪ دابەزی، هەروەها هاوردەی ڕوسیا لە یەکێتییەکە لە ٤٪ بۆ ٢٪ دابەزینی بەخۆوەبینی (محمد، ٢٠٢٣، ٣٥).

هاوردەکردنی ڕوسیا لە نێوان مانگەکانی ئازار بۆ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، بەراورد بە ساڵی ٢٠٢١، بە ڕێژەی ٢٨,٩٪ دابەزینی بەخۆوەبینیوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرهەمی تاك هەبوە. هاوردەکردن لە وڵاتانی ئەوروپیی بەهۆی سزاکانەوە بەتایبەت لە کاڵاکانی وەك ئۆتۆمبێل، تەکنۆلۆژیای پێشکەوتو، ئامێرەکانی کارەبایی و پەیوەندی، بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیون. دیاترین ئەو وڵاتانەی هەناردەکانیان بۆ ڕوسیا کەمکردووەتەوە ئەڵمانیا، فەرەنسا و پۆڵەندان (World Trade Organization, 2023, 10).

ئەڵمانیا کە هاوبەشی بازرگانیی سەرەکیی ڕوسیایە لە یەکێتیی ئەوروپا، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢دا بە ڕێژەی ٣٤% هەناردەکردنی بۆ ڕوسیا بە بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی ٢٠٢١ کەمبووەتەوە. ڕوسیا لە هەناردەکردندا پلەی لە ڕیزبەندی چواردە بۆ بیست و پێنجەمی ئەڵمانیا، دابەزیوە. شەڕی ئۆکراین، بڕیاردەرانی ئەڵمانیای ناچارکرد دەستبەجێ پەسەندکردنی پرۆژەی بۆری گازی نۆرد ستریم ٢ ڕابگرن (Meister, 2022).

پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا زیاتر بواری وزە دەگرێتەوە. سەپاندنی سزاکان لەسەر هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا بازرگانییەکان جگە لە سێکتەری وزە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر یەکێتیی ئەوروپا دروست نەکردووە، لەکاتێکدا بەهۆی بەرزیی ئاستی هاوردە لەلایەن ڕوسیا، بێگومان کاریگەرییەکانی لەسەر ڕوسیا زیاتر بەدەرکەوتون، بەهۆی ئەوەی ڕوسیا نزیکەی نیوەی هاوردەکانی لە کیشوەری ئەوروپان.

بەهۆی سزاکانەوە، سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا بیانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوی لە کەمی کردووە، بەتایبەت بەهۆی کشانەوەی بەشێك لە کۆمپانیا گەورە ڕۆژئاواییەکان. بەپێی داتاکان، تاوەکو ١٥ تەممۆزی ٢٠٢٣، ئەو کۆمپانیایانەی لە سەرمایەگوزاری یان ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەردەوامبون نزیکەی ١٣٦٦ کۆمپانیان، ئەوانەی کە وەبەرهێنانیان وەستاندووە نزیکەی ١٥٩ کۆمپانیان، هەروەها لە کەمکردنەوەی وەبەرهێنان نزیکەی ٣٥٦ کۆمپانیا بونیان هەیە. ڕاگرتن نزیکەی ٧٠٧، کشانەوە نزیکەی ٤٧٨ و ئەو کۆمپانیایانەی کە بە تەواوی ڕوسیایان بەجێهێشتووە نزیکەی ٢٥٥ دەبن. دیارترین ئەو کۆمپانیایانەی کە بە تەواوی ڕوسیایان بەجێهێشتووە بریتین لە فۆردی ئەمریکی، ڕینواڵتی (Renault Group) فەرەنسی، ڤۆلکسواگن و مێرسیدسی ئەڵمانی، نیسانی ژاپۆنی، مان (Man) و بوشی (Bosch) ئەڵمانی، سکانیای سویدی. هەروەها بەشێك لە کۆمپانیاکان کارەکانیان ڕاگرتووە، دیارترینیان ئەپڵی ئەمریکی، ئەدیداسی ئەڵمانی، ئەلستۆم (Alstom) فەرەنسی، ڤۆلڤۆی سویدی، سۆنیی ژاپۆنی، داف (DAF) هۆڵەندی (Kyiv School of Economics, 2023). ئەو کۆمپانیایانە جگە لە سەرمایەکانیان، بە هەزاران دەستیکاریان لە ڕوسیا ڕەخساندبو، کە دەرچون و ڕاگرتنی کارەکانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر ئابوریی ڕوسیا و هەڵاوسانی ڕێژەی بێکاری هەبوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێك لە کۆمپانیاکان تاوەکو ئێستا بەردەوامن لە کارکردن، بەتایبەت کۆمپانیا چینییەکان. پەیوەندیی ستراتیژیی نێوان چین و ڕوسیا، هەروەها خۆدورگرتنی پەکین لە ڕژێمی سزاکانی ڕۆژئاوا، هۆکار بووە بۆ مانەوەی کۆمپانیاکانیان لە ڕوسیا. دیارترین ئەو کۆمپانیایانەش بریتین لە ئایر چین، عەلی بابا، هێڵی ئاسنی چین، بانکە سەرەکییەکان، کۆمپانیاکانی وزە، تەکنۆلۆژیا، پیشەسازی، کانزاسازی، ئۆتۆمبێلی کارەبایی، ئامێری ناوماڵ و هتد (Essen, 2023, 8-9).

## ٣-٣ ئاڵۆزیی پەیوەندییە ئاسایشییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا - ناتۆ

یەکێتیی ئەوروپا خاوەن پێکهاتەیەکی سەربازی نییە تا بتوانێت لە ڕێگەیەوە ڕوبەڕوی هەڕەشە و مەترسییەکان ببێتەوە. لەبەرئەوە، لە پرسی ئاسایشیدا، ناتۆ وەك ڕێکخراوێکی سەربازیی بەرگری، تێکەڵ بە باسەکان دەبێت.

سەبارەت بە جەنگی ئۆکراین و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییە ئاسایشییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ کاتی لکاندنی کریمیا بە خاکی ڕوسیاوە. دوای ئەو ڕووداوە، ناتۆ هاریکاری و هەنگاوە مەدەنی و سەربازییەکان، هەروەها ئەنجومەنی ناتۆ – ڕوسیای ڕاگرت (Nato-Russia council) کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بە ئامانجی ڕاوێژکاری، بەهێزکردن و بەردەوامیی پەیوەندییەکان، بڕیاردان و کردەی هاوبەش پێکهێنرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ

ڕێگری لە دەستپێکردنی جەنگی ساردی نوێ، دەرگای گفتوگۆکانی بە کراوەیی هێشتەوە و تاوەکو ساڵی ٢٠٢٢ پێنج کۆبونەوەی ئەنجام دا(Iulian, 2022, 58-60).

ناتۆ، لە چەمکی ستراتیژی نوێی ساڵی ٢٠٢٢ یدا، ڕوسیا وەك گەورەترین و ڕاستەوخۆترین هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی ئەندام و ناوچەی یۆرۆ ئەتڵەنتیك دادەنێت. ڕوسیا تاوانبار دەکرێت بەوەی کە لە ڕێگەی هێزی سەربازی و ئامرازی زۆرەملێ، هەوڵی تێکدانی ڕێکخستنی (Order) نێودەوڵەتی دەدات. ئەگەرچی ئاماژە بە خۆدورگرتن لە ڕووبەڕووبونەوە کراوە، بەڵام ناتۆ ئامادەیی بۆ بەرگریکردن و وڵامدانەوەی کردەوە دوژمنکارانەکان پیشانداوە ( North Atlantic Treaty Organization, 2022, 4).

قەیران و جەنگی ئۆکراین پێداچونەوەیەك بون بۆ سیاسەتی ئاسایش و بەرگریی یەکێتیی ئەوروپا و دارشتنەوەی پەیوەندییە ئاسایشییەکان لەگەڵ ڕوسیا. دوای لەشکرکێشیی ڕوسیا، یەکێتیی ئەوروپا لە چوارچێوەی دامەزراوەی ئاشتیی ئەوروپا (EPF) پاڵپشتی کڕین و گەیاندنی چەکی کوشندە بۆ ئۆکراین دەکات، ئەوەش یەکەمجارە لە مێژووی یەکێتیی ئەوروپادا، چەك هەناردەی ناوچەیەکی ململانێ بکات (Moser, 2022). یارمەتییە سەربازییەکانی یەکێتیی ئەوروپا بۆ ئۆکراین، هۆکاری زیاتر گرژبونی پەیوەندییە فرەلایەنەکانی بووە لەگەڵ ڕوسیا، ئەوەش لە سزا دولایەنییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.

لە پاڵ ئۆکراین، ئەمریکا وەك پارێزەری ئاسایشی وڵاتانی ئەوروپا دەرکەوتووە، دەکرێت بڕیاری وەزیری بەرگری لوید ئوستن (Lloyd J. Austin) لە یەکەم ڕۆژی لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ جێگیرکردنی ٧٠٠٠ هەزار سەربازی ئەمریکی لە ناوچە جیاوازەکانی ئەوروپا بە نمونە وەربگیرێت ( U.S. Department of defense 2, 2022).

بەرامبەر بە سیاسەتی ئاسایشی یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ڕوسیا هەندێك هەنگاوی ئاسایشیی کاریگەری ناوە. لە دیارترین کاردانەوەدا، ڤلادیمیر پوتین لە ڕێکەوتی ٢٨ شوباتی ٢٠٢٣ واژۆی لەسەر یاسای ڕاگرتنی پەیماننامەی کەمکردنەوەی چەکی ستراتیژیی نوێ (NEW START) کرد، کە لە ٨ی نیسانی ٢٠١٠ لە پراگ لە نێوان ڕوسیا و ئەمریکا بۆ سنوردارکردنی چەکە ستراتیژییە هێرشبەرەکان، واژۆ کراوە (Putin 3, 2023). ڕاگرتنی پەیمانی نیو ستارت، دەکرێت پێشهاتێکی نەرێنی و پێشبڕکێیی چەکی ئەتۆمی بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەم هەنگاوەی ڕوسیا کۆنترۆڵکردنی چەك و پێشبڕکێکانی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە ژێر کۆنترۆڵ دەردەکات.

لە بەردەوامیی یارمەتییە سەربازییەکان بۆ ئۆکراین، بەتایبەت دوای بڕیارەکەی حکومەتی بەریتانیا بۆ پێشکەشکردنی تەقەمەنیی هەڵگری یۆرانیۆم بە سوپای ئۆکراین، کە پێکهاتەیەکی دژە تانکە (Rácz & Mölling, 2023)، پوتین لە ٢٥ ئازاری ٢٠٢٣ بڕیاریدا بە جێگیرکردنی چەکی ئەتۆمی تەکتیکی لە بیلاڕوسیا. ئەو، ئاماژەی بەوە کرد، ئەم بڕیارە بە مانای پێشێلکردنی پابەندبونەکان نایەت لە بڵاونەبونەوەی چەکی ئەتۆمی، بەڵکو هاوشێوەی ئەمریکا، ڕوسیا چەکی خۆی لە نێو خاکی وڵاتانی هاوپەیمانیدا، جێگیر دەکات. لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕوسیا بۆ یەکەمینجارە چەکی ئەتۆمی لە وڵاتێکیتر جێگیر دەکات ( Ljunggren, 2023).

ڕوسیا چەندین جار هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیی کردووە. وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە نیگەرانییەوە لەم پێشهاتە مەترسیدارە دەڕوانن و هۆشدارییان بە لێکەوتە مەترسیدارەکانی کردووە. جۆزێف بایدن لە وتارێکییدا ئاماژە بەوە دەکات "**هەر جۆرە بەکارهێنانێکی چەکی ئەتۆمی لەم ململانێیەدا بە هەر قەبارەیەک بێت، بە تەواوی بۆ ئێمە و هەروەها بۆ باقیی جیهان قبوڵ ناکرێت و لێکەوتەی توند بەدوای خۆیدا دەهێنێت**" (Biden Jr, 2022). لە ڕاستیدا، بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ڕوسیا بژاردەیەکی کراوەیە، بەتایبەت لە کاتێکدا دژەهێرشی ئۆکراین هەڕەشە بێت بۆ دەستبەسەرداگرتنەوەی کریمیا یان سنورەکانی پێش ساڵی ٢٠١٤ ڕوسیا بەزێنێت.

لەلایەکیتر، دۆکترینی نوێی سیاسەتی دەرەکیی ڕوسیا، کە لە ٣١ ئازاری ٢٠٢٣ ڕاگەیانرا، یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکای وەك لایەنی شەڕانگێز ناساند. لە خاڵی ٥٩ دا، ئاماژە بەوە کراوە "**زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپا بە ئامانجی دروستکردنی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەروەریی فیدراسیۆنی ڕوسیا، سیاسەتێکی شەڕانگێزانە پەیڕەو دەکەن. لەو پێوەدانگەوە، فیدراسیۆنی ڕوسیا بەنیازە بەردەوام بەرگری لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی بکات**". ئەگەرچی لە ماددەی ١٣ دا، لە بەرامبەر کردە شەڕەنگێزەکانی ڕۆژئاوا، ڕوسیا هێشتا خۆی بە دوژمن ناناسێنێت. لەوێدا، ئاماژە بەوە کراوە کە " **ڕوسیا خۆی بە دوژمنی ڕۆژئاوا نازانێت و نایەوێت خۆی لە ڕۆژئاوا دابڕێت، هەروەها هیچ نیازێکی دوژمنکارانەی سەبارەت بە ڕۆژئاوا نییە**"(Putin 4, 2023).

لە دۆکترینی نوێ و لە خاڵی ٦٢ دا، ئەمریکا وەك ئیلهامبەخش، ڕێکخەر و جێبەجێکاری سەرەکیی سیاسەتی شەڕانگێزی دژ بە ڕوسیا لەقەڵەم دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك سەرچاوەی سەرەکیی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ڕوسیا ناسێنراوە. کرێملین، بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەستۆتەوە بە ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە دولایەنییەکان و پێداچونەوەی واشنگتن لە سیاسەتی دژەڕوسیادا (Putin 4, 2023).

پێدەچێت ناکۆکی و گرژییە ئاسایشییەکان بۆ دورمەدودا لە نێوان ڕوسیا و یەکێتیی ئەرووپا بەردەوامییان هەبێت؛ بەهۆی چەقبەستوویی و یەکلانەبونەوەی جەنگی ئۆکراین و یارمەتییە سەربازییە بەردەوامەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ کێێف. سازشنەکردن و هاوسەنگیی هێزی لایەنەکان دەتوانێت هۆکاری بەردەوامیی جەنگ و گرژبونی پەیوەندییەکان بێت، کە لە خراپترین سیناریۆدا بە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ- لەوانە بۆمبی ئەتۆمی- سەربکێشێت، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆی ناتۆ و ڕوسیا و فروانبونی سنوری پێکدادانەکان.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp240-257

## ئەنجام

جەنگی ئۆکراین کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەرەسەندنی ناکۆکی لە پەیوەندییە سیاسی، ئابوری و ئاسایشییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا هەبوە. لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراین، پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپای بەرەو گرژی و ئاڵۆزی بردووە؛ یەکێتیی ئەوروپا، سزای بەسەر بەشێکی فراوان لە سیاسەتمەدارانی ڕوسیا، کە بەرپرسن لە بەشداریکردن و بەڕێوەبردنی لەشکرکێشیی ڕوسیا لە ئۆکراین، سەپاندووە؛ لە بەرامبەردا، ڕوسیا ڕەفتاری هاوشێوەی گرتۆتەبەر، ئەوەش وایکردووە پەیوەندیی سیاسی و متمانەی دولایەنەیان، بۆ نزمترین ئاست دابەزێت. لەلایەکی تر، یەکێتیی ئەوروپا دەستپێشخەر بو لە سەپاندنی سزا ئابورییەکان بەسەر ڕوسیادا، لە ئەنجامدا پەیوەندییە بازرگانییەکانی بە ڕادەیەکی بەرچاو سنورداركردووە. هەروەها، جەنگ بووەتە هۆی پێداچونەوە بە تێڕوانینە ئاسایشییەکان؛ بەهۆی چالاکییە سەربازییەکانی ڕوسیا. ناتۆ، بونی خۆی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات چڕتر کردووەتەوە، بەو هۆیەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا ئاڵۆزتر بون. ئێستا، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بە ڕوی وڵاتانی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی، لەوانە چین و هیند گۆڕدراوە، هەروەها جەنگی ئۆکراین پاڵنەرێك بووە بۆ یەکێتیی ئەوروپا لە باشترکردنی ئاسایشی خۆی و هەمەچەشنکردنی دابینکردنەکانی، بەتایبەت پێویستییەکانی بۆ وزە و دۆزینەوەی سەرچاوەی نوێ. لە کۆتاییدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، لە کاتێکدا جەنگی ئۆکراین بەردەوامیی هەیە و کۆتاییهاتنی پێکدادانە چەکدارییەکان بەهۆی هاوسەنگیی هێز نادیارن، بۆیە کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕوسیا و یەکێتیی ئەوروپا دەتوانن درێژمەودا بن.

سەرچاوەکان:


رضاپور، دانیال.، سیمبر، رضا.، & جانسیز، احمد (١٤٠٠) راهبردهای ژئوپلیتیکی اتحادیه اروپا و آمریکا در اوراسیای بزرگ: با تاکید بر بحران اوکراین و دریای جنوبی چین، نشریه پژوهش های جغرافیای سیاسی، شماره ١.

صدیق، میرابراهیم.، & شرقی، آرش (١٣٩٥) اتحادیه اروپا و قدرتهاي بزرگ، فصلنامه مطالعات بین المللی (ISJ)، سال سیزدهم، شماره ٣.

کیانی، داود (١٣٨٦) سیاست نفوز روسیه در اوکراین: واکنش اتحادیه اروپا، فصلنامه مطالعات اسیای مرکزی و قفقاز، سال پانزدهم، دوره چهارم، شماره ٥٧.

محمد، سلوى مأمون (٢٠٢٣) أثر الحرب الروسية الأوكرانية على اقتصاد الاتحاد الأوروبي، الصراع الروسي الاوكراني وتداعيات عام من الحرب، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الإستراتيجية والسياسية والاقتصادية، المانيا.

نیکنامی، رکسانا (١٣٩٤) سنجش تاثیر و کارایی تحریم ها: مورد تحریم های اتحادیه اوروپایی علیه روسیه، فصلنامه روابط خارجی، سال هفتم، شماره اول.

وثوقی، سعید.، هدك، معصومه زارعی.، & هدک، محمد زارعی (١٣٩٤) راهبرد متقابل انرژی در روابط روسیه و اتحادیه اروپا، مطالعات اوراسیای مرکزی، دورة ٨، شماره١.

Black, J. L. (2022) Russia after 2020: Looking Ahead after Two Decades of Putin, Routledge, New York.

Darmayadi, Andrias & Megits, Nikolay (2023) The impact of the Russia-Ukraine war on the European Union economy, Journal of Eastern European & Central Asian Research VOL. 10, NO. 1.

Fu, Huachen (2022) The History and Impact of the Conflict between Russia and Ukraine, Journal of Education, Humanities and Social Sciences, Volume 6.

Guénette, Justin Damien., Kenworthy, Philip., & Wheeler, Collette (2022) Implications of the War in Ukraine for the Global Economy, world bank group, EFI Policy Note 3.

Lartey, Solomon (2023) Would the Russian - Ukraine War Spark World War 3?, International Journal of Social Science and Human Research, Volume 6, Issue 2.

Lonardo, Luigi (2023) Russia’s 2022 War Against Ukraine and the Foreign Policy Reaction of the EU: Context, Diplomacy, and Law, Palgrave Macmillan, Switzerland.

Ministry of Foreign Affairs of the People's Republic of China (22 March 2023) President Xi Jinping and Russian President Vladimir Putin Sign Joint Statement of the People’s Republic of China and the Russian Federation on Deepening the Comprehensive Strategic Partnership of Coordination for the New Era and Stress Settling the Ukraine Crisis Through Dialogue, https://rb.gy/04zyi.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 2 (7 September 2022) Foreign Ministry statement on Russia’s response to the European Union’s decisions on sanctions, https://rb.gy/udd8v.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 3 (17 January 2023) Foreign Ministry statement on responding to the 9th EU package of sanctions on Russia, https://rb.gy/yg59o.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 8 (16 November 2022) The Foreign Ministry’s statement on personal sanctions on Irish government members and politicians, https://rb.gy/caqzv.

North Atlantic Treaty Organization (2022) NATO 2022 Strategic Concept, Brussels- Belgium.

Petrović, Miloš (2022) European union and Ukraine: the strategic partnership leading to (some)where?, Medjunarodni problemi, Volume 74, Issue 1.

Qaisrani, Irfan Hasnain., Qazi, Bilal Habib & Abbas, Hussain (2023) A Geopolitical War in Europe: Russia’s Invasion of Ukraine and its Implications, Journal of European Studies, Vol. 39, No. 1.

Shahi, Dharmendra Kumar (2022) War in Ukraine: A Geopolitical Analysis, International Journal of Research in Social Science, Vol. 12 Issue 06.

The European External Action Service 1 (2014) EU–Ukraine Association Agreement, https://rb.gy/ow759.

Putin 2, Vladimir (5 March 2022) Executive Order on temporary procedure for meeting loan obligations to certain foreign creditors, http://en.kremlin.ru/events/president/news/67912.

Federal Anti-Monopoly Service (6 March 2022) Government approves rules for transactions with foreign companies from unfriendly countries and territories, Resolution No. 295,431, http://government.ru/en/docs/44746/.

Council of the European Union 5 (9 March 2022) Russia's military aggression against Ukraine: EU agrees new sectoral measures targeting Belarus and Russia, https://rb.gy/qrv7w.

Bank of Russia 2 (10 March 2022) Bank of Russia introduces temporary procedure for foreign cash transactions for legal entities and individual entrepreneurs from 10 March to 10 September 2022, https://www.cbr.ru/eng/press/event/?id=12750.

Russian Government (10 March 2022) The Government approves a list of goods and equipment the export of which will be suspended, http://government.ru/en/docs/44762/.

Iulian, Raluca Iulia (16 March 2022) Why Nato-Russia council Has Failed After 20 Years of Existence, International Conference on Innovations in Science and Education (Social Sciences), Prague, Czech Republic.

Ministry of Finance of the Russian Federation 1 (31 March 2022) Statement by the Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation in response to EU sanctions, https://rb.gy/yl73j.

Bank of Russia 1 (1 April 2022) Bank of Russia eases restrictions for individuals on money transfers abroad, https://www.cbr.ru/eng/press/event/?id=12786.

Council of the European Union 6 (8 April 2022) EU adopts fifth round of sanctions against Russia over its military aggression against Ukraine, https://rb.gy/6mxr5.

Council of the European Union 14 (21 April 2022) Ukraine: EU sanctions two additional businesspeople in relation to the illegal annexation of Crimea, https://rb.gy/6029x.

Ismay, John (26 April 2022) A new U.S.-led international group will meet monthly to focus on aiding Ukraine, https://rb.gy/fgwoa.

Ministry of Finance of the Russian Federation 4 (16 May 2022) The Government fast-tracks imports of electronic devices and equipment into Russia, http://government.ru/en/docs/45409/.

Biden Jr., Joseph R. (31 May 2022) President Biden: What America Will and Will Not Do in Ukraine, The New York Times, https://rb.gy/j2f0k.

Council of the European Union 7 (3 June 2022) Russia's aggression against Ukraine: EU adopts sixth package of sanctions, https://rb.gy/j13dm.

The Observatory of Economic Complexity (2023) Russia Exports since Jan 2019, https://rb.gy/9izjw.

World Trade Organization (2023) one year of war in Ukraine: Assessing the impact on global trade and development, Switzerland.

European Union Global Strategy (June 2016) Shared Vision, Common Action: A Stronger Europe. A Global Strategy for the European Union's Foreign and Security Policy.

Russell, Martin (October 2016) The EU's Russia policy Five guiding principles, European Parliamentary Research Service.

Ministry of Finance of the Russian Federation 3 (30 April 2021) Foreign Ministry statement on Russia's response measures to more EU sanctions, https://rb.gy/gjlwf.

Council of the European Union 13 (13 December 2021) EU imposes restrictive measures against the Wagner Group, https://rb.gy/ia8th.

Council of the European Union 2 (23 February 2022) EU adopts package of sanctions in response to Russian recognition of the non-government controlled areas of the Donetsk and Luhansk oblasts of Ukraine and sending of troops into the region, https://rb.gy/oqnp3.

U.S. Department of defense 2 (24 Feb 2022) Russian War in Ukraine Timeline, https://rb.gy/mz6ed.

Council of the European Union 3 (25 February 2022) Russia's military aggression against Ukraine: EU imposes sanctions against President Putin and Foreign Minister Lavrov and adopts wide ranging individual and economic sanctions, https://rb.gy/fwjzq.

United Nations Security Council (26 February 2022) Russia blocks Security Council action on Ukraine, New York, https://rb.gy/tnqd7.

Council of the European Union 17 (28 February 2022) EU adopts new set of measures to respond to Russia's military aggression against Ukraine, https://rb.gy/ah1n2.

Council of the European Union 4 (28 February 2022) EU adopts new set of measures to respond to Russia's military aggression against Ukraine, https://rb.gy/ah1n2.

Putin 1, Vladimir (28 February 2022,) Executive Order On Imposing Special Economic Measures in Connection with the Hostile Actions of the United States in League with Other Foreign States and International Organisations, http://en.kremlin.ru/acts/news/67881.

United Nations General Assembly (2 March 2022) UN General Assembly calls for immediate end to war in Ukraine, New York, https://rb.gy/uj0bb.

Ministry of Finance of the Russian Federation 2 (5 March 2022) The Government approves the list of unfriendly countries and territories, Government Directive No. 430-r, http://government.ru/en/docs/44745/ .

The Kremlin 1 (21 March 2023) Press statements by President of Russia and President of China, https://rb.gy/a32k2.

The Kremlin 2 (21 March 2023) Russian-Chinese talks, https://rb.gy/tmcff.

Ljunggren, David (26 March 2023) Putin says Moscow to place nuclear weapons in Belarus, US reacts cautiously, https://rb.gy/nu4m0.

Rácz, András., & Mölling, Christian (27 Mar 2023) Navigating the Deployment of Russian Tactical Nuclear Warheads in Belarus: Key Factors and Considerations, German Council on Foreign Relations, https://rb.gy/6mkg4.

Putin 4, Vladimir (31 March 2023) The Concept of the Foreign Policy of the Russian Federation, https://rb.gy/677fk.

Raik, Kristi et al. (April 2023) Tackling the Constraints on EU Foreign Policy towards Ukraine: From Strategic Denial to Geopolitical Awakening, Centre for European Policy Studies, Brussels.

Chang, Felix K. (25 April 2023) China's and India's Relations with Russia after the War in Ukraine: A Dangerous Deviation?, Foreign Policy Research Institute, https://rb.gy/yses5.

Ribakova, Elina (02 May 2023) Sanctions, coming on top of longstanding domestic shortcomings, are gradually weakening Russia, Bruegel, Belgium, https://rb.gy/ce3k5.

Council of the European Union 18 (11 May 2023) EU solidarity with Ukraine, https://rb.gy/5rg59.

Carafano, James Jay (16 May 2023) India tilts West as Russian ties cool, https://rb.gy/r068z.

Mills, Claire (23 May 2023) Military assistance to Ukraine since the Russian invasion, The House of Commons Library, London.

Donovan, Kimberly et al. (25 May 2023) Global Sanctions Dashboard: US and G7 allies target Russia's evasion and procurement networks, The Atlantic Council: Geoeconomics Center, Washington, https://rb.gy/vkski.

Garamone, Jim (25 May 2023) Defense Contact Group Remains Steadfast on Ukraine Support, U.S. Department of Defense, https://rb.gy/axt4z.

Lindeman, Berit., & Dale, Ivar (5 Jun 2023) Sanctions on Russia may not be working, we now know why, https://rb.gy/pc9yo.

Council of the European Union 12 (23 June 2023) 11th package of sanctions on Russia's war of aggression against Ukraine, https://rb.gy/yl8l4.

Essen, Hugo von (5 July, 2023) Russia-China Economic Relations Since the Full-Scale Invasion of Ukraine, The Stockholm Centre for Eastern European Studies, Report No. 2.

Council of the European Union 8 (21 July 2022) Russia's aggression against Ukraine: EU adopts "maintenance and alignment" package, https://rb.gy/zz29g.

Council of the European Union 15 (4 August 2022) Russia's aggression against Ukraine: the EU imposes restrictive measures on Viktor and Oleksandr Yanukovych, https://rb.gy/zp9pt.

Moser, Carolyn (22 September 2022) The war in Ukraine and its repercussions on Europe's "security and defence constitution", https://rb.gy/nb5iu.

Council of the European Union 9 (6 October 2022) EU adopts its latest package of sanctions against Russia over the illegal annexation of Ukraine's Donetsk, Luhansk, Zaporizhzhia and Kherson regions, https://rb.gy/czffj.

Council of the European Union 16 (15 November 2022) Ukraine: EU launches Military Assistance Mission, https://rb.gy/1cekr.

The European External Action Service 2 (23 November 2022) The European Union and the Russian Federation, https://rb.gy/vtx9k.

Meister, Stefan (29 November 2022) A Paradigm Shift: EU-Russia Relations After the War in Ukraine, Carnegie Europe, https://rb.gy/1whjs.

Council of the European Union 10 (16 December 2022) Russia's war of aggression against Ukraine: EU adopts 9th package of economic and individual sanctions, https://rb.gy/pbmpl.

Russia Briefing (8 January 2023) Russia-India Trade Prospects in 2023 & The Emergence Of The Ruble and Rupee In Asian Trade Flows, https://rb.gy/la994.

Mohanty, Sambit & Vahn, Gawoon Philip (16 Jan 2023) Russian crude flows to India, China proving a boon for other Asian oil importers, S&P Global , Manhattan, New York, https://rb.gy/a6ji8.

Rácz, András., Spillner, ole., & Wolff, Guntram (February 2023) Russia's War Economy: How Sanctions Reduce Military Capacity, German Council on Foreign Relations, No. 3.

Trebesch, Christoph et al. (February 2023) The Ukraine Support Tracker: Which Countries Help Ukraine and How?, Kiel Institute for the World Economy, No.2218.

U.S. Department of defense 1 (21 February 2023) Russian War in Ukraine Timeline, U.S. Security Assistance to Ukraine, https://rb.gy/309bc.

Council of the European Union 11 (25 February 2023) 10th package of sanctions on Russia's war of aggression against Ukraine, https://rb.gy/zb6el.

Putin 3, Vladimir (28 February 2023) Law suspending New START treaty, https://rb.gy/010gu.

Kalyankar, Akriti (Vasudeva)., & Schulz, Dante (9 March 2023) Continental Drift? India-Russia Ties After One Year of War in Ukraine, https://rb.gy/v2cd5.

The Federal Government of German (21 March 2023) Military support for Ukraine, 21 June 2023, https://rb.gy/jpdud.

Danish autonomous territories of Greenland and the Faroe Islands joining the EU sanctions against Russia, https://rb.gy/wq0rg.

Ministry of Industry and Trade of the Russian Federation (30 May 2022) The Government expands the list of VAT-free equipment, http://government.ru/en/docs/45556/.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 4 (23 June 2023) Foreign Ministry's statement on retaliatory measures regarding the EU's 11th package of anti-Russia sanctions, https://rb.gy/ajmf9.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 1 (20 July 2022) The Government expands the list of unfriendly countries, Directive No. 1998-r, http://government.ru/en/docs/46080/.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 7 (30 July 2022) Foreign Ministry statement concerning personal sanctions against heads of municipal agencies, members of the command of the armed forces and journalists of New Zealand, https://rb.gy/80ig5.

North Atlantic Treaty Organization (13 Jul 2023) NATO-Ukraine Council, https://rb.gy/z3fvn.

French Embassy in London (14 July 2023) France pledges further military support to Ukraine, https://rb.gy/bfl4v.

Kyiv School of Economics (15 July 2023) Stop Doing Business with Russia, https://rb.gy/gq39f.

Council of the European Union 1 (7 august 2023) EU response to Russia's invasion of Ukraine, https://rb.gy/uiqdm.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 6 (7 April 2022) Foreign Ministry's statement on personal sanctions against New Zealand's senior government officials and members of parliament, https://rb.gy/a6xsn.

Ministry of Foreign Affairs of the Russian Federation 5 (29 April 2022) Foreign Ministry Statement on measures in response to Iceland, Norway and the

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp240-257